کۆمەڵە چیرۆک

# شاوەتی جنۆکە

بێهزاد قادری

**شاوەتی جنۆکە**
کۆمەڵە چیرۆک
نووسەر: **بێهزاد قادری**

**چاپەمەنیی ئەوین**

پێداچوونەوەی ئەدەبی: **سۆران کیانی**
**هەڵەچنین:** بەهمەن ڕەحمانی، نێعمەت قادری
ڕووبەرگ: **پەیام مەحموودی**
ڕازاندنەوەی لاپەڕەکان: ئەوینداران
چاپی یەکەم: ١٠٠٠ دانە، مەریوان، ١٣٩٧ی کۆچی هەتاوی

**چاپەمەنیی ئەوین: مەریوان – کۆتایی شەقامی مەردۆخ ٠٩١٨١٧٣٠٣٣٤**

**نرخ: ٧,٠٠٠ تمەن**

# شاوەتی جنۆکە

کۆمەڵە چیرۆک

نووسەر:

**بێهزاد قادری**

| | | |
|---|---|---|
| سرشناسه | : | قادری، بهزاد، ۱۳۷۳ - |
| عنوان و نام پدیدآور | : | شاوەتی جنوکە/ بیهزاد قادری. |
| مشخصات نشر | : | مریوان: انتشارات ئەوین، ۱۳۹۷. |
| مشخصات ظاهری | : | ۱۰۲ ص؛ ۱۴/۵ × ۲۱/۵ س‌م. |
| شابک | : | ۹۷۸-۶۲۲-۶۲۱۸-۰۸-۵ : |
| وضعیت فهرست نویسی | : | فیپا |
| یادداشت | : | کردی. |
| موضوع | : | داستان‌های کوتاه کردی -- ایران -- قرن ۱۴ |
| موضوع | : | th century۲۰Short stories, Kurdish -- Iran -- |
| رده بندی کنگره | : | ۱۳۹۷ ۲۳۵ق۷۴۵س/ PIR۳۲۵۶ |
| رده بندی دیویی | : | فا۸/۲۳/۹۸ |
| شماره کتابشناسی ملی | : | ۵۳۰۷۲۵۵ |

# ناوەرۆک:


شاوەتی جنۆکە ................................................................. ٧

کافەی شەقامی سەرەکیی شار ....................................................... ٤١

سروە ................................................................. ٥٩

دیوارەکەیش ئارەقی دەرداوە ....................................................... ٧١

ئەمبار ................................................................. ٨٩

## - شاوەتی جنۆکە -

- حەک یارەبی خوا بتباتەوە بۆ خەزێنەکەی خۆی؛ ئاخر بڵێ من منداڵی ئاوام بۆ چی بوو؟! چاوێکی کە کوێرە و نابینێت؛ سەر پشتیشی هەر وەکوو سەر پشتی حوشترە؛ ئەوەندەی کەرێکیش کە فامی نییە! حەک خوا لێتم بەزیاد نەکرد؛ بە دەردی خۆیشیەوە داناکەوێت ئەم گێڕ و گەوێڕە. دە وەرەوە وەک بنیام دابنیشە، کەم دراوسێکان بڕەنجێنە. لە خوام دەوێت ئەو چاوەکەیشت کوێر بێت. ئاخر بڵێ خوا! ناشوکریش نەبێت، ئەم دەعبایە چ بوو کردت بە تووشمانەوە؟! دە وەرە ماڵەوە عەبە پشتکۆم، حەک یارەبی خوا لێمت بسێنێت. ئەوەندەیش ناشوکریم کردووە دەزانم خوا لەوە خراپترمان بەسەردا دێنێت. خوا گیان بمبوورە، ناحەقم مەگرە، ئەم عەنتەرە دڵی عالەمی لێمان ڕەنجاندووە! وەڵاهی ڕوومان نایەت لەنێو ئاواییدا سەرمان بەرز بکەینەوە. با باوکت ئێوارە بگەڕێتەوە، بەخوا پێی دەڵێم ئەوەندەی کەرێک بتتۆپێنێت. ئەرێ نازانم تۆ لە بەردیت، لە ئاسنیت، ئەرێ لە چیت؟! ئەو هەمووە شەلاخ و مشت و لەقەیەی لە تۆ دەدرێت، لە هەر کەسی تر بدرایەت، ئێستا وەک سەگ تۆپیبوو! ئەی یارەبی بکەویتە بەر گوللەی وێڵەوە و ئێوارە تەرمەکەتم بۆ بێننەوە. مەگەر نەگەڕێیتەوە، ئەگەرنا بەو خوایە شەرت بێت ژێر قاچت داخ بکەم، با نەتوانیت هەنگاوێک بنێیت...

دەنگی بەرزی دایکی عەبە پشتکۆم، لەنێو هەموو گوندەکەوە دەبیسرا؛ دەنگێکی ماندوو و پچڕاو کە ئازاری لێ دەچۆڕا؛ دەنگێک کە تایبەت بە دایکێکی ئازارچێشتووە و دایکێک کە قەت لە ژیاندا خۆشیی نەدیوە. دەنگێک کە ژەنگی لێ هەڵدەوەرا و ئێشی سەدان کارەسات لە دەمارەکانیدا بوو. بەڵام بۆ خەڵکی گوندەکە، ئیتر ئاسایی بووەوە؛ چیدی کەس بەزەییان بەو دەنگ و پاڕانەوە و دۆعاکردنەدا نەدەهاتەوە. نە ڕۆژێک و نە دوان و نە حەوت، ئەمە بەزمی هەموو ڕۆژێکیان بوو، بەزمی هەموو چرکەیەکیان بوو. پاش هەر کام لەم شەڕەجنێو و شەڕەدۆعایانە، چرچێکی نوێ دەکەوتە سەر پێستی خاتوو خەجێ؛ چرچێکی پڕ لە ئەو ئازارانەی کە ژیان لەسەری سەپاندبوو. عەبە وەڵامی دایکی نەدەدایەوە و وەک سەگ سەری دەکردە نێو کولانەیەکدا، تاکوو دۆخ هێور دەبووەوە. ئەو قسانەی دایکی ئازاری نەدەدا، چونکە ببووە بەشێک لە عەبە، ببووە بەشێک لە ژیانی، ببووە بەشێک لەو قسانەی کە قەت کۆتایی نەدەهات و هەموو ڕۆژێک بڕیار بوو کە بیبیسێت. لەگەڵ ئەو قسە و نزا و شەڕانەدا دەژیا و ساڵانێک بوو قسەی خۆشی نەتەنیا لە دایکی، بەڵکوو لە هیچ کەسێکی تری نەبیستبوو. ئێوارانیش کە باوک و براکەی لە باخ و دەشت دەهاتنەوە، بەزم هەمان بەزم، بەڵام بە تامێکی زۆر تاڵترەوە! تا شوێنێک کە لە بیرەوەریی عەبەدا بێت، حەزی نەدەکرد ئێواران نە باوکی بێتەوە و نە براکەی! ئەوەندەیان تێهەڵدابوو کە هەموو ئێسقانێکی لەجێی خۆیدا ترازابوو. تێهەڵدانیش ببووە بەشیک لە عەبە، ببووە بەشێک لە ژیانی و وەک چۆن بێ نان، ڕۆژێک هەڵی نەدەکرد، بێ جنێو و بێ لێدانیش،

ڕۆژێکی تێنەدەپەڕاند. هەموو شوێنێکی لەشی ڕەش و کەوە ببووەوە و خوێنی تێزابوو. کە سەیری زامەکانی لەشی دەکرد، دەیزانی کام یەک، هی کام شەق و مشتە. لەگەڵ خۆی دەیگوت:

"بەشکم باوکم بتۆپێت؛ شەو دەڕۆم و گۆڕەکەی هەڵدەدەمەوە و تەرمە تۆپیوەکەی دەردەهێنم و هەتا خوا بڵێت بەسە، تێیهەڵدەدەم. ورگی هەڵدەدڕم و ڕیخۆڵەکانی لەسەر چڵە دارەکانی نێو گۆڕستان هەڵدەخەم. گورچیلەکانی بە بەرد دەتەقێنم. چاوی بە چوکڵە هەڵدەکۆڵم. دڵیشی دەدەم بە تانجییەکەی ماڵ مامە مچە، با بیخوات و کە نۆشی گیانی کرد، زوان بهێنێتە پۆزەیدا و بڵێت: (باوکەڕۆ لەو دڵە پڕ خوێنە! چ خۆشبوو!) پاشان سەری ئەو ناپیاوە دەخەمە سەر تاشەبەردێک و تەورێکیش دەدەمە تەوقی سەریدا و دەیکەمە دوو قاش. بەخوا ناهێڵم لەشی لەنێو خاکدا بەئارامی بڕزێت؛ خۆم بە چەقۆ شیتاڵشیتاڵی دەکەمەوە و هەر پەلێکی بە سەگێک و پشیلەیەک دەدەم..."

خۆی شاردبووەوە تا دەنگی قیڕە و جنێوەکانی دایکی کۆتایی پێبێت. دایکی ئەوەندەی قیڕاندبوو، چیدی دەنگی دەرنەدەهات و گەرووی گیرابوو. عەبە پشتکۆم لە حەشارگەکەی هاتە دەرەوە و کۆمەکۆم بەرەو جێژوانەکەی هەنگاوی هەڵهێنا. ڕواڵەتی هەمیشە تۆزاوی بوو! هەموو ڕۆژێک وەک کەر لەنێو خاکوخۆڵدا خۆی تل دەدا. وەک گڵاوێک سەیریان دەکرد، هەموان خۆیان لێ لادەدا، ئەویش لەبەر پشتی، سەری بەئەستەمی بەرز دەبووەوە و کەسی نەدەدی. هەستی دەکرد کێوێک لەسەر پشتیدا نووستووە و قەت نایەوێت خەبەری بێتەوە و ئەویش بۆ هەتاهەتایە ناچارە لە کۆڵی بنێت.

هەوا لێڵ ببوو، مەڕومالآت گەڕابوونەوە نێو ئاوایی و جووتیارانیش هیلاک و ماندوو، دانەدانە لە لاشیوەکانەوە دەردەکەوتن. عەبە پشتکۆمیش لەنێو گەوڕی بەرامبەری خانووی ڕۆژین، وەک هەمیشە سەرلەنوێ خۆی شاردبووەوە و بە چاوە ساغەکەویەوە و لە درزێکەوە کە خۆی لەسەر دیوارە گڵییەکە دروستی کردبوو، سەیری خانوویانی دەکرد و چاوی بە دوای ڕۆژیندا وەردەچەرخا. ڕۆژین کچێکی جوانی پرچڕەش بوو و تازە مەمکی کردبوو و ئێواران لەبەر دەرگا چاوەڕیی مەڕومالآتەکەیان دەبوو و دواتر دەیانیگرت بۆ دایکی تاکوو بیاندۆشێت. عەبەیش بەنهێنی لەنێوی گەوڕەوە سەیری ڕۆژینی دەکرد و دەستی دەساوییە خۆیدا و خەیاڵ لەگەڵ خۆیدا دەیفڕاند و ئەمە ببووە کاری هەموو ئێوارانی. کاتی وەهایش بوو کە شەوانە تا کاتی خەو لەوێوە سەیری ماڵیانی دەکرد، تاکوو تەنیا جارێک ڕۆژین ببینێت و دەست بۆ ناوگەڵی خۆی ببات. ئەو گەوڕەی بەرامبەری خانووی ڕۆژین، هەر هی خۆیان بوو، بەڵام پاش ئەوەی کە عەبە فێری ئەوێ ببوو، چۆڵیان کردبوو. نەیاندەزانی عەبە لەوێ خۆی دەشارێتەوە! دەیانگوت کە جنۆکەی هەیە، شەوانە ئاژەڵەکانمانیش ئارامییان لێ بڕاوە و زەندەقیان چووە. مندالآنی گوندەکەیش دوای ئەوەی وایاندەزانی ئەو گەوڕە جنۆکەی هەیە، نەیاندەوێرا قەرەی بکەون و وەک سەگ سڵیان لێی دەکرد و هەر کەس و سەبارەت بەو گەوڕە قسەیەکی دەکرد و چیرۆکێکی دەگێڕایەوە:

- گەوڕەکەی ماڵ کاک سەعی جنۆکەی هەیە!

- دەست دەوەشێنن و پەلاماری ژن و منداڵیش دەدەن.

- کورە شەو تا بەیانی زەماوەندیانە! شەوێکیان خۆم لەوێوە دەنگی دەهۆڵ و سوڕنام بیست!

- چەند جارێک ویستوومە بڕۆمە ئەوێ و بە دەرزیلەیەک جنۆکەیەک بۆ خۆم بگرم و چی کاری دەشت و دەرە، پێی بکەم. کە ئەو دەرزیلەیەی پێوە بێت، ئیتر وەک بەندکراوت وایە و ناتوانێت ڕابکات و هەرچیی پێ بڵێیت، بە گوێت دەکات.

- شەوێکیان لەبەر ئەو گەوڕەوە تێپەڕیم، لە ناکاو جنۆکەیەک پەڕییە کۆڵم و لووتمی لە عەرز دا! بەڵام شێرانە هۆجەنەکەم دەرهێنا و لێم مەحف بووەوە! لە باوای ڕەحمەتیم بیستبوو کە ئەگەر جنۆکە گرتتی، خێرا هۆجەنەکەت دەربێنە، ئەویش خێرا ڕادەکات! چونکە دەترسێت کە نەکا بیگریت و بیگێیت!

باسی جنۆکەکانی گەوڕەکە کۆتایی نەدەهات! لەم لایش، عەبە پشتکۆم، ئاشقی ڕۆژین ببوو؛ واتە خۆی وەها بیری دەکردەوە کە ئاشقی ڕۆژینە؛ کە سەیری دەکرد، دڵی هەڵدەفڕی، زمانی هەڵنەدەچەرخا، گۆنای سوور دەبووەوە و چاوی لێ هەڵنەدەگرت و چاوی نەدەپروکاند و دەترسا بزاوێکی ڕۆژین لەدەست بدات! هەموو شەوێک بە خەیاڵی ئەوەوە سەری دەنایەوە و هەر بە خەیاڵی ئەوەوە بەیانیان خەبەری دەبووەوە. بەرلەوەی دایکی عەبە ئەو ئێوارەیە عەبە بداتە بەر جنێو و دۆعای شەڕی بکات، هەر لەبەر ڕۆژین بوو کە شەڕێکی تووش ببوو! تازەلاوێکی گوندەکە چەند جارێک بە بەر ماڵی ڕۆژیندا تێپەڕیبوو و سەیری ماڵیانی کردبوو، عەبەیش لەنێو کۆڵانێکدا ڕێی پێ گرتبوو و مشتێک خۆڵی کردبوو بە چاوی کوڕەکەدا و تەنانەت بێ ئەوەی وشەیەک بڵێت، کوڕەی دابووە بەر مشت و لەقە، پڕ

دەمی کوڕەی کردبوو لە خوێن و ناوچاوی تەقاندبوو. ئەوانیش بەر دەرگایان پێ گرتبوون:

"ئەرێ دادە خەجێ، ئەوە بۆ عەبەی کوڕت وازمان لێ ناهێنێت، بۆ خاتری خوا؟! تەواوی ئەم خەڵکە زەلالەتیانە بە دەستیەوە، خوا ئاگادارە. هەر جارە و خۆڵ دەکات بە چاوی منداڵێکماندا و بە لەقە دەنیشێتە ملی! تۆ سەیری کوڕەکەم بکە! هەموو گیانی ڕەش و کەوە بووەتەوە؛ چاویشی ناکرێتەوە خەریکە کوێر دەبێت. ددانیشی کە لەق بووە و بەحاڵ بەنە. سەعاتێکە لە ماڵەوە خوێن هەڵدەهێنێتەوە. یاڕەبی قەزای لە عەبە نەگبەتی کوڕت بکەوێت. نازانم عەبە کۆسکەوتوو دەردی چییە! خوا زەلیلی بکات."

- دادە مەستوورە گیان من خەجاڵەتم؛ من ڕووم ڕەش بێت؛ یاڕەبی من بمرم. بەخوا خۆیشمان بێزارین لێی. تەواو شڕوشێتیش بووە ئەوندەمان لێداوە. من بەجیا، باوکی بەجیا، براکەیشی بەجیا لێی دەدەین. ئەم عاقیبەتشەڕە ژیر نابێت. ئەوە براکەی، پارەکە چاوێکی عەبەی کوێر کرد، دەترسم ئەمساڵیش ئەو چاوەکەی کوێر بکات و لە گۆشەی ماڵدا بکەوێت و گوو بکاتە خۆیدا و ئەوەندەیتر قوڕمان بۆ بگیرێتەوە. خوا هەر دوو چاوەکەم کوێر بکات ئەگەر ڕازی بم بەم وەزعە. با باوکی ئێوارە بگەڕێتەوە، پێی دەڵێم بیخاتە گەوڕ و لەنێو ئەو سەنێر و ڕیقنەدا زیندانی بکات. بەشکم خوا بیکات لەوێ بتۆپێت و نەجاتمان بێت بە دەستیەوە.

- دادە خەجێ! ئەگەر کوڕەکانی ئێمەیش کوێر بکات ئێمە چی بکەین؟ قوڕی کوێ بگرینە سەرمان؟ وەڵاهی دەمانەوێت ئێرە چۆڵ بکەین و ڕوو بکەینە شار. هەموو گوندەکە بێزارن لێتان...

- دەی ئێمە چی بکەین ئادەی تۆ بڵێ؟ هەوساری بکەین؟ مێخ و زنجیری بکەین؟ لە گەوڕدا زیندانی بکەین؟ بیکوژین؟ بیسووتێنین؟ بەخوا عەبەیش داماوە؛ خوا خۆی غەزەبی لێ گرتووە و کۆمی کردووە. وەڵاهی خوا و پێغەمبەر ئێمەیش گول دەکات وا ئەوەندە لەگەڵیدا خراپین. سەیری لەشی بکەیت، پەنجەیەک ساغی تێدا نابینیت!

- ئەی خوا مەرگ! دەی گوناهی ئێمە چییە؟! خۆ ئێمەیش لەخۆوە ناڵێین عەبە ئاوایە؛ بۆ مەگەر تا ئێستا کەسێک لەبەر سەیوانی کوڕت بەر دەرگای پێتان گرتووە؟! نا؛ یارەبی تەمەن‌درێژ بێت. دەی باشە بە عەبە بڵێن بزانین دەردی چییە؟!

- بەو قورئانەی بە تاقی مزگەوتەکەوەیە، هیچ ناڵێت! دەترسم لاڵیش بووبێت وا هیچ ناڵێت. بەڵام بێخەم بە، چەندەی لە کوڕەکەت دابێت، ئەمشەو دە هێندەی لێ دەدەنەوە. بەشکم قاچی بشکێنن و نەتوانێت ئیتر بێتە دەرەوە، هەرچەند بەدبەختییەکەی بۆ من دەمێنێتەوە و ئەمجار ئیتر لە گۆشەی ماڵدا گوو دەکاتە خۆیدا...

دادە خەجێ دەستی مشت کردبوو و دەیدایە ناوسینگیدا و دەپاڕایەوە و عەبە پشت‌کۆمی لەحنەت دەکرد:

"یارەبی خۆت بیکوژیت نەجاتمان بێت بە دەستیەوە. خوا گیان خۆت بدەیتە بڕبڕەی پشتیدا و دوو قاشی بکەیت. ئەم توخمەجنە ئەگەر پشتیشی کۆم نەبوایەت چیمان کردایەت؟!"

دادە مەستوورە دەستی کوڕەی خۆی گرتبوو و لەبەر دەرگای دادە خەجێ دوورکەوتەوە. شەو نەبوو لەسەر بەرماڵ دۆعای شەڕ لە عەبە پشت‌کۆم

نەکەن. نوشتەیشیان لێ کردبوو کە بمرێت و نەجاتیان بێت بە دەستیەوە، بەڵام نەیاندەزانی بۆچی هیچ دۆعا و نوشتەیەک کاری لێ ناکات! دایک و بابی خۆیشی بە ئاوات بوون یەکێک بە دزییەوە دەست بنێتە ناقی عەبە و بیخنکێنێت! هەرچی سەیریان دەکرد، زۆرتر ڕقیان لێ هەڵدەگرت. باوکی دەیگوت:

"لە ترسی خوا و قیامەت نەبوایەت، یەک تاپڕم پێوەی دەنا و وەک سەگ دەمتۆپاند. داخەکەم خوا ئەمەی پێ خۆش نییە! ئـــــاخ، ئاگری جەهەندەم با نەبوایەت. چی دەبوو ئەگەر بە مردوویی لەدایک دەبوو! چی دەبوو ئەو جارەی کە مار پێوەی دا، ڕەق دەبوو و گیانی پێدا نەدەهاتەوە! کورە ئەم هەتیوە نازانم لە چی خوڵقاوە، زۆر سەیرە! ئەو مارەی کە دای بە عەبەوە، نێرەکەرەکەمی ڕەق کرد و تۆپاندی! ئەم سەگبابە دوای دوو ڕۆژ یاو و لەرز، چووبووە دەرەوە! جارێکیش کە بەسەر پشتی هێسترەکەی مام مچەوە داکەوت و سەری بەر بەردێکی زلە کەوت، گوتم بەخوا تازە عەبە گیانی پێدا نایەتەوە! کەچی دواتر وەک جنۆکە هەستایەوە! کورە ئەمە سەگێکە وێنەی نییە، لەجێی حەوت گیان، سەد گیانی هەیە! سوێندت بۆ دەخۆم، سەری هەمووومان دەنێتە چاڵ."

ئەو شەوە دایکی گێڕابوویەوە کە دووبارە عەبە گێچەڵ شەڕی کردووە. باوک و براکەی ئیمانیان لەلا نەمابوو و جووتی عەبەیان بردبووە دەرەوەی ئاوایی و خستبوویانە نێو چەمەکە و لەنێو ئەو ئاو و بەرد و ڕێخەدا بە تەڕک هەموو لەشیان کوتابوو. وەها لێیان دەدا، کە هاواری دەگەیشتە گوێی چی

ماسییە لەنێو ئەو چەمەدا. هاژەی ئاو دەهات و شریخەیەک لە پشتی عەبەوە. ژاوەی بۆق دەهات و قرچەیەک لە ئەژنۆی عەبەوە. دەنگی کوندەبوو دەهات و تەقەیەک لە ئێسقانەکانی عەبەوە... هەموو گیانی خووسابوو؛ هەموو لەشی دەیزیڕاند؛ هەموو ئێسقانەکانی دەلەرزی؛ زمانی قرنجابوو؛ چاوی نەدەکرایەوە؛ گوێی پڕ ببوو لە ئاو؛ ئاوی چەمەکە لە خوێنی عەبە سوور ببوو؛ ماسییەکان کەوتبوونە سەر ئاو! چەمەکە دانە بۆقی تێدا نەمابوو. هاژەی ئاویش دەنگی گۆڕابوو. عەبە پشتکۆم سەلماندی کە سەگ لە ئاستیدا کەمی هێناوە و لەجێی حەوت گیان، سەد گیانی هەیە. باوک و براکەی هەر لە قەراخ چەمەکەدا عەبەیان بەرەڵا کرد. هەموو گیانیان لە ئاو و ئارەقدا خووسابوو. هەناسەبڕکێیان پێ کەوتبوو. ئەوەندە ماندوو ببوون کە هەستیان دەکرد حەوتوویەکە بێڕاوەستان سەرقاڵی کامپان!

- ئەرێ ئەم سەگبابە بۆ نامرێت! وەڵاهی هەموو ئێسقانەکانیم ورد کرد!

- وەڵاهی منیش قامکەکانم خەریکن دادەکەون! ڕوون نییە سەرپشتی چی تێدایە وا ئەونە ڕەقە!

- با لەجێی عەبە خوا کوڕێکی تری وەک تۆی پی بدایەتم، وەڵاهی لەم گوندەدا پاوشایەتیم دەکرد.

- باوکە گیان تۆ پێم بڵێیت، بەخوا هەر ئێستا یەک فیشەکی پێوە دەنێم و دەیکوژم.

- نا، نا کوڕم. خوا غەزەبمان لێ دەگرێت.

- با گوناهەکەی لەپێی من بێت باوکە.

- گوتم کە نا. لێی گەڕێ. بەشکم تا بەیانی لەو چەمەدا بتۆپێت، یان گورگێکی بۆ ڕێ بکەوێت و زگی هەڵدڕێت.

- خوا لە زمانت ببیسێت باوکە گیان.

- ئامین، ئامین. بەشکم ئیتر نەیبینمەوە.

- یاخوا من و دایکیشم قەت نەیبینینەوە. تەنانەت حەز ناکەم لاکە تۆپیوەکەیشی ببینمەوە. وەڵاهی تەریق دەبمەوە سەیری خەڵکی ئاوایی بکەم، دڵی هەموانمان لێ ڕەنجاوە.

- ئەی بۆ عەبە شێت ئابڕووی پێمانەوە هێشتووە؟!

- نەوەڵا! سووکی کردووین...

عەبە پشتکۆم لە کەنارەی چەمەکەدا و لەنێو ئەو بەرد و ڕێخەدا، هەپروون هەپروون ببوو و لەسەر خۆی چووبوو. شەوێکی تاریک تاریک و چی ئەستێرەیە لە ئاسماندا دەبینرا. بەردەکانی دەوروبەری بە خوێنی خۆی سواخ دابوو. چڵی دارە بییەکان دەلەرزین. ژاوەژاوی بۆقەکان دەستی پێکردەوە. ماسییەکان چوونەوە ژێر ئاو! دەنگی کوندەبوویش بەردەوام لە دوورەوە دەبیسرا. جۆگەلە ئاوێک لە مێشکی عەبەدا هاژەی دەهات. نەختێک بە خۆیدا هاتەوە، بەڵام نەیتوانی هەستێتەوە و چاوە هەڵماسیوەکانی بەسەختی کردەوە و سەیری ئەستێرەکانی کرد و لەگەڵ خۆی گوتی:

"ئەگەر من بمرم، یەکێکی تر ڕۆژین دەدزێت بۆ خۆی. بۆیە نامرم و ئەگەر تا سەد ساڵی تر ئەم دوو سەگبابەی گەوادە لێم بدەن، دووبارە گیانم پێدا

دێتەوە. ئەمە کەی باوکە! گەماڵێکە وێنەی نییە. تەنیا بۆ سەیوانە قۆڕی برام باوکیەتیی کرد. ئای لە سەیوانە خایەماڵیش! خۆی لەبەرچاو عالەمدا شیرین کردووە، مەگەر من بزانم چ ڕێوییەکە. شەرت بێت بزانم حەزت لە کێیە و ئەو نامە ئاشقانەیە کە لەنێو جلەکانتدا دەیشاریتەوە، هی کام کچە! داخەکەم ناتوانم بیخوێنمەوە، ئەگەرنا لەنێو ئاواییدا سووک و تڕۆتم دەکرد. باوکی کچەکەم لێت دەکرد بە گورگی برسییەوە و تا ددانی بە خوێنت سوور نەکردایەت، وازم نەدەهێنا. یاخوا سەیوان، ئەوەندەی سەر پشتم، لەنێو چاوانی تۆیشدا سەوز ببێت، بزانە فاتە تڕشێتی ئاواییش قیزی دەهات تفیشت لێ بکات! بەڵام ئێستا خۆت حەساویت و زوانی گوێرەکەکە دێنیتە قژتا و خوێڕییانە لەنێو ئاواییدا دەسووڕێیتەوە. مەگەر من عەبە نەبم، پیاو نەبم تڕۆت دەکەم...»

ڕۆژی دوایی، عەبە هەستایەوە و ڕۆیشتەوە بۆ ماڵ و ئەوتە هەر لە ئەو نەدراوە! هەموو لەشی بریندار ببوو. ڕۆژەکان تێدەپەڕی و عەبە پشتکۆم لەنێو گەوڕە مارزیایکەدا و لەنێو بۆنی سەنێر و قەپی کێچدا، لە درزەکەوە سەیری ڕۆژینی دەکرد و مشتەی دەکرد و ڕەگی ملی هەڵدەستا و لە خۆشیدا بێهۆش لە ناوەڕاستی گەوڕدا دەڕما. بە ئاوات بوو ڕۆژین لە باوەشی بگرێت و دەم بنێتە دەمی و مەمکی سفت بگوشێت و قەپ بکات بە لاملیدا و هەتا گیانی دەردەچێت بیگێت؛ بەڵام ڕۆژین بۆ ئەو دروست نەکرابوو! ڕۆژینی دوازدەساڵان، قژی تا پشت ئەژنۆی دەهات و پەلکەی دەکرد. چاوێکی ڕەشی پێوە بوو و تا چەند ساڵی دیکەیش باڵای دەکێشا؛ ناسکترین کچی

عالەم بوو. بەڵام عەبە خۆی وەکوو حوشترێک دەدی کە وەک سەگ گلاوە و ناشیرینترین کچیش پێی ڕازی نابێت؛ تەمەنی لە بیست لای دابوو؛ چاوێکیشی لە لایەن براکەیەوە کوێر کرابوو؛ ڕوخساریشی کە لە بزنی گەڕ دەچوو! کاتێک بیری لەمانە دەکردەوە، ئیمانی لەلا نەدەما و بە کوفرکردن سوکنایی بۆ دەهات! لەگەڵ خۆی دەیگوت:

"خوایا چ دەبوو ئەگەر پشتی عالەمت کۆم بکردایەت، یان ئەگەریش نەتدەکرد، لانیکەم با پشتی ڕۆژینت کۆم بکردایەت، با پێم ڕازی بوایەت! وەی خوایە گیان چەندە جوانە! چەندە تەرچک و خۆشە! تێری لێ ناخۆم باوکەڕۆ. ئەی هەموو عالەم بەساقەت بێت؛ ئەی قەزات لە عەبە و باوکی عەبە بکەوێت. ڕۆژین براڕۆ شێتمت کردووە! ئەرێ تۆ چیت کچێ؟! شەرت بێت نەمرم و جارێک لەلات بخەوم. بەخوا لەبەر ماچێکیشت بووبێت، نامرم. ماچی تۆ باوکەڕۆ، مردوو زیندوو دەکاتەوە! وەڵاهی بتخەنە سەر چاوی کوێر، ساغی دەکەیتەوە! سوێندت بۆ دەخۆم خوا بەتایبەت دروستی کردوویت!"

ئێوارەیەکی تر کە عەبە پشتکۆم بەرەو جێژوانەکەی دەڕۆیشتەوە، کوڕەکەی دادە مەستوورە و کۆمەڵێک کوڕی تازەلاوی گوندەکە، لەنێو کۆڵانێکی چۆڵدا پەلەماریان دا و هەر کام و مشتێک خۆڵیان کرد بە چاویدا و بە مشت و لەقە خەڵتانی خوێنیان کرد. عەبە نووزەی دەرنەدەهات! وەها تێیان هەڵدەدا کە تەقەی ددانی دەهات! وەک ژیژک خۆی گرمۆڵە کردبوو و ئەوانیش بە ڕقەوە لێیان دەدا. دوای چەند خولەک، بەرەڵایان کردبوو. هەموو لەشی ببووە خۆڵ و خوێنەوە، جلەکانی شیتاڵشیتاڵ ببووەنەوە،

ناوچاوی هەڵماسیبوو، لێوی قرنجابوو، دابوویانە ناوگەڵیدا و قۆڕیان کردبوو، بەڵام دەنگی دەرنەدەهات و لە دڵ خۆیدا کوفری دەکرد و جنێوی دەدا:

"ئەی دایکی هەمووتانم گا... ئاااااای باوکەڕۆۆۆ... دانە دانە تۆڵەتان لێ دەکەمەوە و کەرتۆپێنتان دەکەم. لە من دەدەن؟! بە من دەڵێن عەبە، عەبە نێرەکەر منم، سواری هەمووتان دەبم... ئاااااای..."

چاوی ببووە گۆمەخوێن و فرمێسک و خوێن و خۆڵ، بە دەموچاویەوە وشک ببووەوە. دەستی بە ناوگەڵیەوە بوو و وەک جاران بە نهێنییەوە ڕۆیشتە نێو گەوڕەکەوە و چاوەڕێی هاتنی ڕۆژین بوو؛ هەمیشە چاوەڕێی هاتنی ڕۆژین بوو:

"ئاااااای ڕۆژە گیان، لە کوێیت؟! عەبەتیان کوشت. لەبەر تۆ عالەم تێم هەڵبدات، دەنگم دەرنایەت. چاوێکیشم هەیە، ئەوەش دەکەم بە قوربانت. دە وەرە دەرێ، گڕ کوشتمی! وەرە بزانم بۆچی هەموو ڕۆژێک لە ڕۆژی پێشتر جوانتری! ئەرێ فریشتە گیان باڵەکانت لە کوێیە؟! خۆ دەزانم لەژێر کراسەکەتدایە! دەی دەریبخە بەساقەت بم."

کەمێک تێپەڕی و ڕۆژین لەبەر دەرگاکەیان دانیشت و چاوەڕێی گەڕانەوەی مەڕوماڵاتەکەیان بوو. عەبە پشتکۆم چاوی پێوەبوو و پانتۆڵەکەی داکەند و هەمدیسان مشتەکردن. پانتۆڵەکەی لەسەر پێڵاوەکانی بوو و دەستێکیشی بە دیوارەکەوە بوو و چاوی لە درزەکە هەڵنەدەگرت. لە خەیاڵیدا ڕۆژینی لە باوەش بوو و شێتانە ماچی دەکرد و دەیگوت:

"باوکەڕۆ چەندە تامت خۆشە ڕۆژین! دەڵێی دەمم ناوەتە نێو دەمی گێلاسەوە! دەی بووەستە بۆم بەقوربان؛ ئای کە خۆشیت! ئای کە نازاریت! ئاااااای..."

کاتێک شاوەتی هاتەوە، بە دەنگێکی بەرز قیژاندی و خوێن فیچقەی کرد! بۆنی سەنێر و شاوەتی خوێناوی، مرۆڤی کاس دەکرد. ڕۆژینیش لەبەر دەرگا ڕاچەڵەکا و تۆقابوو و بە زیرەزیرەوە ڕۆیشتە ماڵەوە:

"دایە گیان فریام بکەوە! دایە! دایە گیان بەساقەت بم وەرە... دەنگی جنۆکەکانی گەورە کۆنەکە دێت! دایە گیان فریام بکەوە..."

لە باوەش دایکی ڕما و دایکیشی حەبەساو لە باوەشی گرت و گوتی:

"چی بووە ڕۆڵە گیان؟!"

ڕۆژین تۆقابوو کە گوتی:

"دایە گیان بەخوا قیرەی جنۆکەکەم بیست! دەیقیژاند دایە گیان! گوێم بە ناڵەیانەوە بوو!"

دایکی حەبەساو مابووەوە و ڕۆژینی لە باوەش گرت:

"هیچ نییە بەقوربان، با باوکت بگەڕێتەوە، دەڵێم بڕوات و سەیری گەورەکە بکات. مەترسە کچەکەم، هیچ نییە چاوەکەم..."

فرمێسک لە چاوی ڕۆژین دەڕژا و لێوی دەلەرزی و ڕەنگی بزرکابوو؛ ڕەنگی سپی ببووەوە و ترسێکی دڕندە ئازاری دەدا؛ زمانیشی چیدی هەڵنەدەچەرخا. عەبە پشتکۆمیش لەنێو گەورەکەدا بێهۆش کەوتبوو؛ خۆشییەکی پڕ لە ئێشی ئەزموون کردبوو. لە ناوگەڵیدا هەستی بە ئازارێکی زۆر دەکرد؛ وەک

ئەوە وابوو بە تێلایەک دابێتیانە ناوگەڵیدا. بە خۆیدا هاتەوە و پانتۆڵە پیس و دڕاوەکەی هەڵکێشا و بە سەگەمەرگی بەرەو ماڵ ڕۆیشتەوە. بەرچاوی ڕەش ببوو، قاچەکانی دەلەرزین، خوێن تکەی دەکرد و بڕبڕەی پشتی دەیزریکاند. لەگەڵ خۆی دەیگوت:

"ڕۆژین گیان! ئەها بەو حاڵەیشمەوە لە بیری تۆدام! هیچ شتێک ناتوانێت بەرم بگرێت کە سەیرت نەکەم و لە خەیاڵمدا لە ئامێزت نەگرم. هەموو لەشم لە خوێندا نوقم ببێت، هەر خۆشم دەوێیت! هەر لە ئامێزت دەگرم؛ هەر.. هەر..."

- عەبە! باوکەڕۆ بۆ وات لێهاتووە؟! خوا خراپت بۆ بکات ئیشەڵڵا.

عەبە وەڵامی دایکی نەدایەوە و هەر بەو خەیاڵاتە و بەو ڕواڵەتە شپرزەوە، چووە ژوورێکەوە و دەرگاکەی لە خۆی داخست. هەر چەند بەو ئازارەوە خەوی لێ نەدەکەوت، بەڵام چاوی لە ئازارەکان بەست و سەرینێکی لە باوەش گرت.

بۆرەتاری ئێوارە، باوکی ڕۆژین، چەند پیاوێکی کۆکردەوە و بە چراقووە ڕۆیشتنە نێو گەوڕەکەوە:

- ئەم خوێن و تۆماوانە چییە بە دار و دیوارەوە؟!

- ئەی هاوار ڕا بکەن، جنۆکەکان لێرە شاوەتیان دەڕێژن!

- ئێرە بووەتە قەحبەخانەی جنۆکەکان!

- باوکەڕۆ ئاگادار بن دەستان لێ نەوەشێنن!

- هۆجەنەکەتان بخەنە دەرەوە با لێیان دیار بێت.

- پێتانم گوت کە لەگەڵ خۆتان دەرزیلە بێنن!

- وەڵاهی خۆیان پیشانمان بدەن، یەکسەر زەندەقمان دەچێت!

هەموان بە حەبەساوی لە گەوڕەکە هاتنە دەرەوە و باس و دەنگۆ لە هەموو گوندەکە بڵاوبووەوە:

- کۆنە گەوڕەکەی کاک سەعی، بووەتە جێگەی خۆشی و گانی جنۆکەکان. دار و دیواری بووەتە تۆماوی جنۆکە! بەدڵنیاییەوە جێی جنۆکە هەرزەکارەکانە و ڕوون نییە خەریکی چین!

- دەبێ لەگەڵ مەلایەکدا قسە بکەین، بزانین دەبێ چ بکەین!

- جا مەلای بۆ چییە کاکە؟! خۆمان دەیڕووخێنین و دەربەدەریان دەکەین.

- نە باوکم، وا نابێت. جنۆکەکانیش شوێنێکیان پێویستە.

- وەڵاهی ڕاست دەکات! جنۆکەیش ڕقمان لێ هەڵدەگرێت و بە تەنیا هەر کاممان لە شوێنێکدا بگرن، پەلامارمان دەدەن و دەستمان لێ دەوەشێنن و شێت و فێدارمان دەکەن.

- وەڵا کاکە ئێوە جێتان خۆشە، ڕێک بەرامبەری ماڵەکەی من بووەتە جنۆکەخانە و شەو تا بەیانی خەریکی گانن! مەگەر دار و دیوارەکانتان نەدی؟! جنۆکە هەرزەکارەکانیش فێری ئەوێن! ئەو جۆرە جنۆکانە هیچیان بۆ گرینگ نییە.

- جا بەقوربان ئیشیان چییە بەسەر ئێوەوە؟

- ئەوە نییە کچەکەم تۆزێکی مابوو زاوری بتۆقێت؟ بەرامبەری ماڵی ئێوە بوایەت، چیتان دەکرد؟

کەس دەنگی لێوە نەهات و کەس قسەی نەکرد. نەیانهێڵا گەوڕەکەیش بڕووخێنن و لە ئاکامدا دوو دەرگاکەی گەوڕەکەیان بەست و تەختەیان کرد و بەرەڵایان کرد.

باسی جنۆکەکان، ببووە باسی شەو و ڕۆژی خەڵکی گوندەکە. تەنانەت کەس نەیدەوێرا بەو بەرەدا تێپەڕ ببێت. ڕۆژینیش چیدی نەدەهاتە دەرەوە و عەبە پشتکۆمیش دەیزانی باس چییە و نەدیتنی ڕۆژین خەریکبوو شێتتری دەکرد. بۆ حەوتوویەک دەچوو کە ڕۆژینی نەدیبوو، ڕەقی کردبوو و خۆی بە دار و دیواردا دەساوی؛ بۆی نەدەخەوا و ئارامی لێ بڕابوو. ڕۆژین لەپێش چاویدا بوو و یەک چرکەیش بەرەڵای نەدەکرد. لەگەڵ خۆی گوتی:

"ئەگەر منی وڵاخ لەو گەوڕەدا نەمدەسەڕاند، ئاوا ڕۆژین گیان نەدەترسا و ئێستایش وەک جاران سەیرم دەکرد. چۆن بە دەستی خۆم، ئەو هەموو خۆشییەم لە خۆم کرد!"

زلـلەیەکی لە خۆی دا! پڕ چاوی بوو لە ئاو.

تاریکایی شەو بوو، بەتەواوی زۆری بۆ هات؛ وەک دەڵێن یاخوا "ڕووس" هەڵسێت، کێر هەڵنەسێت، ئەویش هی کێ؟ هی عەبە پشتکۆم! بەپەلە هەستا و چووە نێو گەوڕەکەی خۆیانەوە و بەرەو ماکەرەکەی باوکی ڕۆیشت! بزەیەک گرتی و کۆتەرەیەکی خستە ژێر قاچی و چووە پشت ماکەرەکەوە؛ بەڵام ماکەرەکە نەدەوەستا. تووڕە ببوو و کۆمەکۆم بەستیە کۆڵەکەی نێو گەوڕەکەوە و قاچەکانی بەست بە یەکەوە و کۆتەرەکەی خستەوە ژێر قاچی و پانتۆڵەکەی داکەند و کلکی ماکەرەکەی لادا و لە پشتەوە خەریکی

ماکەرەکە بوو! هەستی بە خۆشییەکی لەڕادەبەدەر دەکرد! چاوی دەقونجاند و مڕەی دەهات. هەناسەکانی بەرزتر ببووەوە و توندتر بەردوای دەکرد. چنگی گیراندبووە سەر پشت ماکەرەکە و شێتانە و دڕندانە دەیگا. دەستی هەر بەسەر پشتیەوە بوو و کاتێک خۆشییەکەی هاتەوە، سپێنەی چاوی یەکسەر کەوتە دەرەوە؛ ماکەرەکەی لە ئامێز گرت و پاش کەمێک، پانتۆڵەکەی هەڵکێشا و لاقەکانی کردەوە و چووە نێو ژوورەکەیەوە و خەوی لێ کەوت. هەموو شەوێک بە خەیاڵی ڕۆژینەوە دەچووە نێو گەوڕەکەی خۆیانەوە و ماکەرەکەی لە ئامێز دەگرت و شاوەتی خۆی تێ دەڕشت؛ هەر جارە و توندتر و دڕندانەتر لە جاری پێش ماکەرەکەی دەگا و چیدی شەڕی نێو کۆڵانەکان کۆتایی پێ هاتبوو، چونکە کەس لەبەر دەرگای ماڵ ڕۆژین تێنەدەپەڕی و ڕۆژینیش تەنانەت سەری نەدەکێشایە دەرەوە.

ڕۆژەکان تێپەڕی و سەیوان زۆرتر لە جاران، بە شەواندا دەچووە دەرەوە و نامە ئاشقانەکانی زۆرتر دەبووەوە و عەبە پشتکۆمیش خەریک بوو شێت دەبوو بزانێت سەیوان بۆ کوێ دەڕوات! شەوێکیان بەنهێنییەوە دوای سەیوان کەوتبوو، بەڵام سەیوان پێی زانیبوو و لەنێو کۆڵاندا تێری لێ دابوو. چیدی نەیدەوێرا دوای بکەوێت و لەگەڵ خۆی گوتی:

"ئەی سەیوانە ڕێوی! هەر ڕۆژێک دێت کە پێت بزانم و سووک و ترۆی عالەمت بکەم. بە من دەڵێن عەبە، عەبە نێرەکەر منم."

نیوەڕۆیەکی زۆر گەرم، لە ماڵ هاتە دەرەوە و بەرەو ماڵی ڕۆژین ڕۆیشت. کەس لە دەرەوە نەبوو. جلە سوورەکەی ڕۆژین لە سەربانەکەیان هەڵخرابوو.

عەبە لە سەربانەکانی ترەوە خۆی گەیاندە سەربانەکەی ماڵ ڕۆژین و کە دیتی کەس دیار نییە، کراسە سوورەکەی ڕۆژینی فڕاند و لەژێر جلەکەی خۆیدا شاردیەوە. نیوەکانی شەو دووبارە چووەوە گەوڕەکەی خۆیان. هەمدیسان ماکەرەکەی وەک جاران بەستەوە، ئەمجار کراسە سوورەکەی ڕۆژینی خستە سەر پشتی ماکەرەکە و کلکی لادا و توندتر لە هەمیشە خەریکی بووەوە؛ زۆرتر لەپێش هەستی بە خۆشی دەکرد و بەرزتر دەنگی لێوە دەهات و کاتێک خۆشیی هاتەوە، ماچێکی ماکەرەکەی کرد و لەنێو گەوڕدا ڕما و جلە سوورەکەی لە ئامێز گرت و بۆنەکەی هەڵمژی. گوتی:

"ڕۆژین گیان! بە خەیاڵی تۆوەوە، دار و بەردیش دەگێم. وا نەزانیت خەریکی ئەم ماکەرە دڕاوەم! ئەوە تۆیت کە لە ئامێزم گرتووە. ئەوە تۆیت کە ماچی دەکەم. ئاااای کە خۆشیت! هەست بە تامت دەکەم! هەست بە نازت دەکەم..."

چەند شەوێکی تر بەمجۆرە تێپەڕی، کە ئێوارەیەکیان عەبە پشتکۆم لە سەربانەکەیان، باوکی بە تەنیا دی کە لەسەر عەرزەکەیانەوە دەگەڕایەوە! ماکەرەکەی پێ نەبوو. عەبە چاوی پەڕییە تەوقی سەری و بەپەلە بەرەوپیریی باوکیەوە ڕۆیشت.

- ماکەرەکەت لە کوێیە؟!

- بڕۆ ئەو لاوە، گێلە. فرۆشتم.

- بۆ باوکە؟!

- وەک کەرەکەی جاران نەمابوو! نەیدەتوانی هەڵمبگرێت!

- ئای کە گەمژەیت باوکە!

باوکی بەتووڕەییەوە گۆچانێکی پێ گەیاند و عەبە دەستی کرد بە گریان و لە گوندەکە دوور بووەوە و تا شەو نەگەڕایەوە و ماکەرەکەی دەلاواندەوە. نیوەی شەو دووبارە وەک شێت هەستا و کۆمەکۆم و بەبێدەنگی بەرەو گەوڕەکەیان ڕۆیشتەوە و چووە نێو مەڕومالّەتەکەوە. کەوتبوونە جمە و لە کونجێکەوە کۆ ببوونەوە. گیسکێکی چەند مانگەی دیاری کرد و دوای هەندێک ڕاوڕاوان گرتی و قاچ و دەستی بەستەوە و جلە سوورەکەی کردە بەری. بەردەوام دەیپاڕاند کە پۆزەیشی بە تەنافێک بەستەوە. پانتۆڵەکەی داکەند و وەک شێت نیشتە مل گیسکەکە. دەنگی خۆی بەردابوو و هەستی دەکرد کە ڕۆژینی لە ئامێزدایە. توندتر لە جاران خەریکی بوو؛ گیسکەکە لە ماکەرەکە زۆر چکۆلەتر بوو، بۆیە بەڕاحەتی ڕایگرت و دەیگوشا و لە باوەشی گرتبوو. کاتێک خۆشیی هاتەوە و ڕمابووە نێو گەوڕەکەوە، سەیری نێو دەستی کرد، پڕ بوو لە تووکی گیسکەکە. تۆزێک ترسا و خێرا پانتۆڵەکەی هەڵکێشا و قاچ و پۆزەی گیسکەکەی کردەوە و بە جلە سوورەکەیەوە چووەوە نێو جێگەکەی؛ ئەوەندە ئارام ببووەوە، کە ئامێزی ڕۆژینیش وەها ئارامی نەدەکردەوە! ڕۆژی دوایی، گیسکەکە مردارەوە ببوو، کە دایکی هاتە سەرەوە و گوتی:

"ماڵمان وێران بوو، قووڕمان بۆ گیراوەتەوە! ئەو گیسکە بەستەزمانەی فەقیرە، نازانم چلۆن مردارەوە بووە! تووکی پێوە نەماوە و ڕوون نییە دووبارە چ

پەتایەک هاتووەتەوە و بەخوا قڕ دەکەوێتە نێو ئاژەڵەکانمان! فریای چەقۆیش نەکەوتین ئەی هاوار...″

عەبە پشتکۆمیش خۆی کردبووە کەڕ و مێشێکیش میوانی نەبوو! لەنێو گوندەکەیش دەنگۆ بڵاوبووەوە کە پەتایەکی نوێ هاتووە و ئاژەڵەکانیان لە مەترسیدایە.

- گیسکێکی ماڵ دادە خەجێ تووکی پێوە نەماوە و مردارەوە بووە!

- لەوە دەچێت دووبارە پەتایەک هاتبێتەوە!

- بەخوا من دەڵێم کاری جنۆکەکانی گەوڕەکەیە!

- من دەڵێم کە لەبەر ئازارەکانی عەبە پشتکۆمە خوا غەزەبی لێیان گرتووە.

- چاکتر کە مەڕوماڵاتی ئێمە وای لێ نەهاتووە.

شەو هاتەوە و کاتێک هەموان لە خەودا بوون. عەبە پشتکۆم چووەوە نێو گەوڕ و ئەمجار بەرخێکی دیاری کرد. ئەوەندە بەتوندی و بەحورسەوە بەرخە داماوەکەی گابوو، کە ئەویش بە لاق و پۆزە بەستراوییەوە، ملی شکابوو و لەژێر دەستی عەبەدا مردارەوە ببوو. وەک هەلاج خورییەکەیشی شی کردبووەوە. عەبە حەزی پێدەکرد! پەلەقاجێی ئەو بەرخە، خۆشییەکی تایبەتی پێ دەدا! کە ڕۆژ بووەوە، هەمدیسان دادە خەجێ شیوەنی هەڵدا و هەموو ڕوخساری خۆی ڕنی و گوتی:

″خوا گیان چیت لە گیانمان دەوێت؟ ئەوە کوڕێکی ئاوا نوقسانت پێمان دا، ئێستایش لەم گوندەدا تەنیا ئێمەت شک دەبرد کە نەخۆشیت بەرداوەتە

گیانی مەڕوماڵاتەکەم... خوا گیان ڕەحممان پێ بکەیت، بۆ خاتر گەوریی خۆت و خۆشەویستیی پێغەمبەری نازارت... خوا گیان! داماوین، قووڕبەسەرین، لێقەوماوین، هەر ئەو چوار سەرە حەیوانەمان هەیە، ئەوەیشمان لێ نەگریت. خوا گیان لەجێی ئەو بەستەزمانانە، عەبە ببەرەوە بۆ خەزێنەکەی خۆت..."

عەبە وەک سایلۆح گوێی بۆ دایکی دەگرت، بەڵام هیچی بۆ گرینگ نەبوو، نە دایکی و نە مەڕومالاتەکەیان. عەبە تەنیا لەسەر بەزمەکەی خۆی بوو. شەو هات و دووبارە ڕۆیشتەوە نێو گەوڕەکەوە. کاتێک بە دوای گیسکێکی تردا ڕایدەکرد، بەرانێک قۆچێکی لێ دا و لەنێو گەوڕدا ڕماندی. چەند کاتژمێرێک بێهۆش کەوتبوو، هەستا و خۆی تەکاند، وڕ و گێژ چووەوە نێو جێگەکەیەوە. کوفری عالەم هاتە سەر زمانی. هەستی بە ئازارێکی زۆر دەکرد. خەوی لێ نەدەکەوت و تا خۆر هەڵهات، دەیناڵاند و وەک مار پێچی لە خۆی دەدا. بەو ئێشە سەختەوە، لەژێر پەتووەکەوە، کراسە سوورەکەی ڕۆژینی لە ئامێز گرتبوو و خۆی بە سەرینەکەیدا دەساوی تا خۆشیی بێتەوە! عەبە پشتکۆم، بیری دەکردەوە:

"چی دەبوو ئەگەر ڕۆژین هی من بوایەت؟! شەو تا بەیانی لە ئامێزم دەگرت و دەمگا. کەسی تر وەک من ناتوانێت ئاوا هەوەسی ببێت و ڕازیی بکات. وەک ئەو ماکەرە تێرم دەکرد؛ وەک ئەو گیسکە دەمتاساند؛ دەمیم نەدەبەستەوە با هەر نازم بۆ بکات..."

لەم بیرکردنەوەدا بوو کە قیڕە لەنێو گوندەکەیانەوە هەستا!

- کاکە بۆ ئاسمان حاڵیتان ناکات؟! گەوڕی خۆمە و دەیڕووخێنم. کچەکەم شێت بووە، بە وەڵا ناوێرێت لە ماڵ سەر بکێشێتە دەرەوە.

- کاکە سەعی بۆ خاتری خوا ئەم گوندەمان لێ مەکە بە جەهەندەم. جا جنۆکەی داماو چی کردووە؟!

دایکی ڕۆژین کە لە پەنجەرەکەوە سەری کێشابووە دەرەوە، قیڕاندی:

"وەڵا ئێوە جێگەتان خۆشە؛ کچی منە کە شێت بووە. لەم ڕۆژانەدا جنۆکە جلە سوورەکەیشی دزیوە!"

دادە خەجێیش کە لەنێو حەشیمەتەکەدا بوو، گوتی:

"وەڵا کاک سەعی بیڕووخێنە، هەر جنۆکەکانی ئێرەیە پەلاماری حەیوانەکانمانی داوە!"

کاک سەعی گوێی بە کەس نەدا و ڕماندنی گەوڕەکەی دەست پێکردبوو؛ ئەوانەی لەگەڵی هاودەنگ بوون یارمەتییان دا و ئەو لاکەی تریش کە ناڕازی بوون، خۆیان بۆ هەموو شتێک ئامادە کردبوو. ئێواران و شەوان کەس بە تەنیا نەیدەوێرا بۆ شوێنێک بڕوات.

- خواوەکیل ئەگەری ئەوە هەیە جنۆکە دەستمان لێ بووەشێنێت!

- حەک ماڵت بە قووڕ گیرێت سەعی وا ئەو گەوڕەت ڕماند و ژیانت لە ئێمە تێک دا.

- لە گەوڕی خەڵکی، مەڕوماڵات دەزێت، لە گەوڕی سەعییە گەمژە، جنۆکە!

- باوکەڕۆ، تا ئێستا جنۆکەی ماڵوێرانتان دیوە؟! بەخوا ئەژداومان دەردەهێنن.

- ئەی جنۆکەی تووڕەتان دیوە؟! بڕوا ناکەم نە لە هۆجەنە بترسن و نە لە دەرزیلە!

- بەس سەیر بکەن و بزانن ئەو سەعییە گەمژە چی لێ دەکەن! تێڵاوی تێ دەبڕن.

- کورە بەشکم هەر پەلاماری ئەو بدەن. خۆ ئێمە چیمان کردووە بێن و بەرمان پێ بگرن.

- من کە گوتم پرسێکی مەلا بکەن؛ کەس گوێی نەدامێ! لانیکەم دۆعایەکی بۆ دەکردین.

عەبە پشتکۆم، دڵخۆش بوو، لەوەی کە دووبارە ڕۆژین دەبینێتەوە. بەڵام نەیدەزانی ئیتر دەبێ لە کوێ خۆی حەشار بدات و سەیری ڕۆژین بکات و شاوەتی بڕێژێت! ڕۆژێکیان کە لەنێو کۆڵانێکدا تیدەپەڕی، بەو ئاواتەی کە ڕۆژین ببینێت، لە ناکاودا ڕۆژین و دڵنیای دی کە پێکەوە دانیشتبوون و قسەیان دەکرد؛ خۆی لێیان حەشار دا و سەگانە گوێی بۆیان گرت کە قسەیان دەکرد.

- ڕۆژە گیان! ئێستا باشتریت؟

- ئەرێ بەقوربان؛ زۆر باشترم.

- ئەی خوا! زۆریش لەڕ بوویت.

- جا چۆن لەڕ نابم؟! ئەو جنۆکانە زیرەیان پێ کردم.

- چاکە نەجاتتان بوو. لایە لێی گەڕێین. با قسەی خۆش بکەین.

- هههههههه؛ ئەریَ باوانم.

- دەڵێم چاوت لێیە عەبە پشتکۆم هەموو ڕۆژێک سەیرت دەکات و چاوت لیَ هەڵناگرێت؟!

- ئەریَ دەزانم! یاخوا عومری نەمێنێت.

- ئەویش بووەتە جنۆکەوە لێت؛ ههههههه. حەزت لیَ دەکات.

- کورە خوا حەزی ببڕێت! جا ئەو حوشترە چییە، کەر دەتۆقێنێت.

- ههههههههههه؛ ئەریَ بەخوا. خۆزەگە وەکوو سەیوانی برای، جوانیش دەبوو!

هەر کە دڵنیا ئەوەی گوت، سەرکوڵمی ڕۆژین سوور بووەوە و تەریق بووەوە. دڵنیا گوتی:

"ئەریَ ڕۆژین بیستوومە سەیوانیش، حەزت لیَ دەکات!"

- نا! شتی وا نییە...

- دەی خۆ من هاوڕێتم ڕۆژە گیان، بۆ لێم دەشاریتەوە؟

- دەی ئاخر هیچ شتێکی وا نییە بەقوربان.

- کورە ڕۆژین! یانیَ متمانەت پێم نییە؟!

- توخوا ئاخر لای کەس باسی نەکەیت، بەخوا باوکم بزانێت هەڵمدەواسێت.

- نە، نە، ڕۆژە گیان، دڵنیا بە.

- ئەرێ وایە. سەیوان حەزم لێ دەکات، ئەوەی ڕاستی بێت، منیش حەزم لێیە.

ڕۆژین لە شەرمێ، سوور هەڵگەڕابوو کە درێژەی دایەوە:

"توخوا دڵە گیان لە بەینی خۆماندا بێت، ئەمشەو کاتی خەو بڕیارە بێت بۆ لام."

- سەیوان؟!

- ئەرێ دەی. ئەی کێ گێجە گیان؟

- زۆر مەترسیدارە شێتە، ئاگادار بیت...

- بۆ ماچێک، بەشکم ئاسمان بڕووخێت!

- خۆزگەم بە خۆت. با منیش دۆسێکم بوایەت.

- هههههههە، شێتە.

- توخوا ئەوە ماچی کوڕ خۆشە؟!

- جارێکیان گۆنامی ماچ کرد، زۆر خۆش بوو...

عەبە پشتکۆم، گوێی بە هەموو قسەکانیانەوە بوو. تووڕە ببوو و دونیا لەبەر چاویدا ببووە جەهەندەم. ئەوێی بەجێ هێشت و لەنێو کۆڵاندا دەگریا و شەقی لە بەرد هەڵدەدا. ئەوەندەی تر ڕقی لە سەیوانی برای هەڵگرت و لەگەڵ خۆی گوتی:

"ئەو بێشەرەفە ئاوا چاوێکی کوێر کردم و ئێستایش دەیەوێت هەموو دونیام کوێر بکات! ئەی بەردبارێت... بەخوا ناهێڵم ڕۆژێکی خۆش ببینێت. دەبێ ژیانت لێ تاڵ بکەم. ڕۆژین هی منە، سەیوانە خوێڕی!"

چەپۆکێکی دا بە ناوچاوی خۆیدا و گوتی:

"ئەی ڕۆژینە دەڵەقۆڕ! تۆ بۆ وات لێ کردم؟! گەوادی عالەم بم ئەگەر بهێڵم سەیوان تامت بکات. من عەبەم؛ عەبە نێرەکەر منم. گوو دەکەمە ژیانتان. ئێستا زانیم ئەو نامە ئاشقانەی کە سەیوانە خوێڕی لەنێو جلەکانیدا دەیشاردەوە، هی ڕۆژین بوو! ئەی خوا هاوار. حەقتان لێ دەکەمەوە. دەتانفەوتێنم."

عەبە چەندە شێواو و ژاکاو بوو، ئەوەندەی تر تێک چووبوو. ڕقی لە خۆی بوو، ڕقی لە دایک و باوکی بوو، ڕقی لەوەی بوو کە مرۆڤە و ڕقی لەوەی بوو کە پشتی کۆم نییە. کۆمەکۆم هەنگاوی دەنا و جنێوی دەدا. تفی دەکرد و لە چاوانی تۆڵە دەتکا. ئەو شەوە هیچی بۆ نەخورا و وەک گورگێکی برسی سەیری سەیوانی برای دەکرد: سەیوان نە نوقسانێکی بوو، نە کەموکوڕییەک؛ باڵایەکی بەرز و چوارشانە و کاتی ژنهێنانی بوو؛ ساڵێک لە عەبە گەورەتر بوو و چاو و برۆیەکی ڕەشی پێوە بوو؛ هەموان خۆشیان دەویست، جگە لە عەبە پشتکۆم!

عەبە، هەموو نامەکانی سەیوانی لەنێو جلەکانیدا دەرهێنا و سوتاندی. بەردەوام جنێوی دەدا و هەڕەشەی دەکرد.عەبە بەر لە سەیوان و کاتێک کە هەموان نووستبوون، چووبووە نێو کۆڵان و لای ماڵی ڕۆژین خۆی حەشار دابوو. بیری لەوە دەکردەوە کە چلۆن جێژوانەکەیان تێک بدات. لەگەڵ خۆی دەیگوت:

"بە بەرد لەنێو کۆڵاندا سەری سەیوان دەشکێنم. نا، نا! هەر بە دار دەیکوژم با نەجاتم بێت بە دەستیەوە. ئەی خوا! چاری نایەم و دەترسم لێم

هیلگەڕێتەوە و دارەکەم لێ بستێنێت و ئەو من بکوژێت. ئەرێ باوکەڕۆ چی بکەم؟! بەخوا ناهێڵم تامی ڕۆژین بکات. ڕوون نییە پێشتر چەند جار تامی کردبێت! ئەی باوکەڕۆۆۆۆ...″

دوای چەند خولەک سێبەری سەیوانی دی کە بەرەو ماڵی ڕۆژین دەهات. ڕۆژینیشی دی کە لە پەنجەرەکەوە سەیری نێو کۆڵانی دەکرد. هەموو پەنجەرەکان کوژابوونەوە. عەبە دەستی مشت کردبوو و لە چاوی ئاگر دەباری. نەیدەزانی دەبێ چ بکات! بیرکردنەوە لەوەی کە سەیوان ڕۆژین لە ئامێز بگرێت و ماچی بکات، عەبەی شێتتر کردبوو؛ چەقۆت لێ بدایەت، خوێنی دەرنەدەهات. هیچی بۆ نەکرا و لەجێی خۆیدا وشک ببوو کە ڕۆژین دەرگاکەی کردەوە؛ سەیوان ڕۆیشتە ماڵەوە و دەرگاکەی داخست. نە فریا کەوت بەردێک بداتە سەریدا و نە توانی بە دار بیکوژێت؛ بەتەواوی پەشۆکابوو. عەبە بێ بیرکردنەوە و بەپەلە چووە پشت دەرگاکەوە و دارێکی پتەوی کردە جێ قوڵفەکەدا، تا لە ناوەوە دەرگاکە نەکرێتەوە! بەردێکی گەورەی بە دەستەوە بوو و بەتوندی دای لە شووشەی پەنجەرەکەی ماڵ ڕۆژین و شکاندی و لەو دەوروبەرە دەرچوو. دوای چەند خولەک، هەموو گوندەکە بە دەنگی تاپڕێک، لە خەو ڕاچەڵەکان!

بۆرەتاری بەیانی، پاسگا هات و باوکی ڕۆژینیان کەلەپچە کرد و بردیان. دادە خەجێیش تەرمی سەیوانی کوڕی لە ئامێز گرتبوو و شیوەنی دەگەیشتە ئاسمان. عەبە پشتکۆمیش فرمێسکی خۆشیی دەڕشت و لە دڵ خۆیدا دەیگوت:

"ئۆخەیش، نەجاتم بوو. سەیوان مرد. ڕۆژین هەر هی خۆمە. گوتم کە عەبە نێرەکەر منم..."

سەیوانی داماو هەر هاتبوو هەڵبێت، دەرگای بۆ نەکرابووەوە و باوکی ڕۆژین یەک فیشەکی پێوە نابوو. ڕۆژین خۆی لە گەوڕدا شاردبووەوە، ئەگەرنا ئەویشی کوشتبوو...

بۆ زیاتر لە مانگێک دەچوو کە ڕۆژین تەنانەت یەک چرکەیش لە دەرەوەی ماڵ نەبینرا! لەڕ و لاواز ببوو و هەموو ڕۆژێک لەگەڵ دایکیدا شیوەنی هەڵدەدا. نەیدەزانی دڵنیا ئەم بەڵایەی هێناوەتە سەریان یان جنۆکە دەربەدەرەکانی گەوڕە ڕووخاوەکەیان!

پاش چلەی مەرگی سەیوان، باوکی سەیوان بۆ سەردانی بکوژی کوڕەکەی، چوو بۆ بەندیخانەی شار.

- سەعی ماڵت کاول بێت وا ماڵی منت کاول کرد.

- کاکە حەیبەڵڵا گیان، بە خوای گەورە وامدەزانی دز هاتووە.

- دەی با فیشەکێکت بە قاچیەوە دەنا، نەک کوڕەکەم، ڕۆستەمەکەم... (دەستی کرد بە گریان)

- خوا من بکوژێت کە سەیوانم کوشت. ئەرێ کاک حەیبەڵڵا، براڕۆ، سەیوان بۆچی هاتبوو بۆ ماڵی ئێمە؟! (ئەمیش دەستی کرد بە گریان)

- خوا دەیزانێت و بەس. ئەوە چلەی کوڕەکەم تێپەڕی و منیش بۆ کارێک بۆ ئێرە هاتووم.

- چ کارێک کاکە حەیبەڵڵا گیان؟!

- خۆ تازە کوڕەکەم نەما و بە لەسێدارەدانی تۆیش، سەیوانم زیندوو نابێتەوە...

- بمبوورە توخوا...

- ناتوانم قەت بتبوورم؛ بەڵام منیش ناوێکم هەیە لەنێو خەڵکدا و خەڵکی حەسێبم لێ دەبەنەوە. بۆیە مەرجێکم بۆت هەیە کە لە بەندیخانە بتهێنمە دەرەوە.

- چی کاکە گیان؟! هەرچی بڵێیت دەینێمە سەر چاومەوە.

- ڕۆژینی کچت.

- ڕۆژین؟!

- ئەرێ، ڕۆژین و باخەکەی کانیهەرمێم دەوێت و ئاوەها ڕزگارت دەبێت.

- ڕۆژین بۆ عەبە پشتکۆم و باخەکەیش بۆ خۆت یانێ؟!

- بەخوا گەمژەیت سەعی! عەبە پشتکۆم کەی بنیامە من ژنی بۆ بهێنم. ڕۆژینم بۆ مارە دەکەیت و باخەکەم پێ دەدەیت و ئەم خوێنە هەر لێرە خۆش دەکەین.

سەعی ڕۆیشتە ئەو دونیاکە و گەڕایەوە. نەمرد، بەڵام ئاواتەخوازی هەزاران مەرگ بوو...

مانگێکی تر تێپەڕی؛ سەعی لە بەندیخانە ئازاد کرا؛ باخەکەی دا بە باوکی عەبە پشتکۆم و ڕۆژینی دوازدە ساڵانیشی مارەبڕی بۆی. حەیبەڵڵای تەمەن چل ساڵان، بەو سمێڵە بۆیاخەیەوە، ببووە خاوەن کچێکی دوازدەساڵان!

عەبە پشتکۆم ئەوەندەی تر ڕقی لە باوکی هەڵگرت. حەزی دەکرد باوکی سەر ببڕێت و لە خوێنی بخواتەوە. حەزی دەکرد باوکی بکەوێتە بەر ئەو فیشەکەی کە براکەی کرد بە بێژنگ. هەموو ئەو وێنانەی منداڵیی هاتە پێش چاوی، کە حەزی دەکرد لە باوەش دایکیدا بخەوێت و باوکی وەک پاڵەوانێکی دڕندە دەهات و تەریقی دەکردەوە و ڕاوی دەنا. شێت ببوو و بە دار و دیواردا گمیزی دەکرد. بۆ کەس ڕاگیر نەدەبوو و سەری دەکرد بە نێو گەوڕی هەموو خەڵکی گوندەکەدا... قسە و باسی نێو گوندەکەیش، کۆتایی پێ نەدەهات:

- حەیبەڵڵا کوڕە شێتەکەی بۆ ڕاگیر نابێت، جارێک چووە کچێکی دوازدە ساڵانی هێناوە، تەریق نابێتەوە.

- سەیوان مرد و باوکی حەساندەوە.

- ئەی خوا گیان بم بە قوربانت، با لەجێی سەیوان، عەبە پشتکۆمت ببردایەتەوە.

- حەیبەڵڵا تا بێت، جوان دەبێتەوە و خەجێی داماوە ڕۆژبەڕۆژ دەشکێت.

- ئەرێ ئێستایش ئاشکرا نەبوو سەیوان ئەو شەوە لەوێ چی دەکرد؟!

- کوڕە بۆ دزی چووبوو.

- ئیمانم نەچێت، من دەڵێم بۆ ڕۆژین چووبوو.

- کوڕە ئەمانە هیچ! کێ ئەو دەرگایەی لێ داخستبوو؟!

- بەخوا تەواو عالەم قسەم بۆ بکات، من هەر دەڵێم کاری جنۆکەکان بووە! نازانن جنۆکەی دەربەدەر، چەندە مەترسیدارە!

ڕۆژبەڕۆژ ژیانی ڕۆژینیش ڕوو بە تاڵی دەڕۆیشت. بیری ئەوەی کە دڵنیای هاوڕێی ئەم بەڵایەی هێناوە بە سەریدا و ئیرەیی پێ بردووە، وێڵی نەدەکرد! لەگەڵی قسەی نەدەکرد و دەیگوت:

"سەگ ببینم، دڵنیا دەڵەقۆڕ نەبینم. چۆن ژیانی لێ تێک دام! باوکم نەبوو کە سەیوانی کوشت، دڵنیا بوو؛ ئەو خیانەتی لێ کردم."

ئەوە مەرگی خۆشەویستەکەی بوو بە دەستی باوکی و ئێستایش کە بووەتە ژنی پیاوێک کە بیست‌وهەشت ساڵ لە خۆی گەورەترە و باوکی خۆشەویستەکەی خۆیەتی. لە نیگا ئازاردەرەکانی عەبە پشت‌کۆم و چزەکانی دادە خەجێیش خۆ ئەمانی نەبوو! شەوانیش قیڕەی دەگەیشتە ئاسمان! جەستەی چکۆلە و ناسکی، بەرگەی جەستەی پتەو و زبری حەیبەڵڵای نەدەگرت. عەبە پشت‌کۆمیش شەوانە دەچووە پشت دەرگای ژوورەکەی باوکی و بە گمەگمی باوکی و ناڵەی ڕۆژین، مشتەی دەکرد و بێهۆش دەکەوت، هەر وەک نێرە کەروێشکێک کە دوای گان، دەڕمێت. شەوێکیان باوکی پێی زانیبوو و عەبەی بردبووە نێو گەوڕەکەوە و بەستبوویەوە و بە هەوسار، هەموو گیانی هەلاهەلا کردبوو. بەڵام عەبە پشت‌کۆم خۆ ژێر نەدەبوو! بیرکردنەوە لەوەی کە باوکی، ڕۆژین لە ئامێز دەگرێت، نەخۆشی خستبوو و هیچیشی پێ نەدەکرا. باوکی زۆردارتر لەوەی بوو کە عەبە بتوانێت لووتی لە عەرز بدات.

عەبە وەک جاران لە ماڵ نەدەچووە دەرەوە و بەردەوام سەیری ڕۆژینی دەکرد و دەستی بە ناوگەڵیەوە بوو. ڕۆژینیش ڕۆژبەڕۆژ لاوازتر دەبوو و ئاواتی

دەخوازی هەر ئەو کات لەگەڵ سەیواندا دەکوژرا. بیری دەکردەوە و لەگەڵ خۆی دەیگوت:

"ئەی سەعیی باوکم، خوا تۆم لێ بستێنێت؛ تۆی بێشەرەف ئەو گەوڕەت ڕووخاند و ئەو جنۆکانەت بێماڵ کرد و ئەوانیش ئاوا حەقی خۆیان کردەوە! منی بەدبەخت فەوتام، منی بەدبەخت تاوانی هەڵەکانی تۆم دایەوە..."

ئێوارەیەکیان کە حەیبەڵڵا لە باخ بوو، عەبە پشتکۆم و دایکی و ڕۆژین لە ماڵەوە بوون. دادە خەجێ وێنەیەکی سەیوانی لە باوەشدا بوو و دەیلاواندەوە؛ ڕۆژینیش چووبووە خەیاڵەوە؛ عەبەیش چاوی بڕیبووە ڕۆژین و دەمی نیوەکراوە، لیکی لێوە شۆڕ ببووەوە. دادە خەجێ بە ناوچاو ترشاوییەوە، ڕوو بە ڕۆژین گوتی:

"ئا کچێ بڕۆ لە خوارەوە چەند هێلکە بێنە سەرەوە با بۆ شێو بیکوڵێنین. دەی بجووڵێ مار بداتە لاشەتەوە. دەی بڕۆ کچی سەعییە قاتڵ."

ڕۆژین هەستا و بە ڕواڵەتە وێرانەکەیەوە و بێ ئەوەی شتێک بڵێت، چووە خوارەوە و عەبە پشتکۆمیش دوابەدوای چووە خوارەوە. لەنێو کولانەکەدا خەریک بوو هێلکەی دەردەهێنا کە عەبە دارێکی دا بە پشت سەریدا و ڕۆژین بێهۆش کەوت. عەبە دەستی ڕۆژینی گرت و کۆمەکۆم بەرەو نێو گەوڕەکە ڕایکێشا. ڕۆژینی بە پشتدا خەواند و لە کاتێکدا کە خوێن پڕ ژێر سەری ببوو، عەبە پانتۆڵەکەی خۆی داکەند و کراسە ڕەشەکەی ڕۆژینی هەڵماڵی و شواڵەکەیشی داکەند؛ قەپی کرد بە ناوسینگیدا و خەریکی بوو و دەیگوت:

"ڕۆژین گیان! گوتم کە تۆ هەر هی منیت. وەها ئاوست دەکەم کە کەس نەیکردبێت. توخوا حەیف نەبێت کەڵتەکۆنی باوکم ئەم تەرچکە نازدارەیە هەڵمژێت؟! بە من دەڵێن عەبە، عەبە نێرەکەر منم. شتێکم بوێت، هەر پێی دەگەم."

بەو ڕوخسارە ناحەزەیەوە شێتانە قەپی دەگرت و چنگی لێ دەگرت! وەک بزنێک کە لە دەمی گورگ ڕای کردبێت، هار ببوو. لە خۆشیدا سپێنەی چاوی کەوتبووە دەرەوە. لەگەڵ خۆی گوتی:

"ئێستا ئەگەر بمرم، کێشە نییە. گەیشتمە ئاواتم. بەشکم منداڵێکت ببێت، لە من کۆمتر و ناحەزتر و جنۆکەتر..."

خەریک بوو خۆشیی دەهاتەوە کە لە ناکاو، تەقەی تاپڕێک هات و عەبە پشتکۆم بە دەمدا ڕما و کەوتە سەر لەشی ڕۆژین! هەموو گوندەکە دووبارە ڕاچەڵەکا؛ خولەکێکی تریش تێنەپەڕی کە تەقەی تاپڕێکی تر، ڕۆژینیشی لەنێو خوێندا نوقم کرد. خەڵکی گوندەکە پڕ نێو گەوڕەکەی ماڵ حەییەڵڵا ببوون؛ تاپڕێک بە شانی حەییەڵڵاوە بوو و ماقی تەرمی ڕۆژین و عەبە پشتکۆم ببوو.

**

## - کافەی شەقامی سەرەکیی شار -

فەرهاد، وەکوو زۆربەی شەوەکان، لە ماڵ هاتە دەرەوە و بەرەو کافەی شەقامی سەرەکیی شار ڕۆیشت. هەنگاوەکانی دەژمارد و گوێی شل کردبوو بۆ دەنگی ئۆتۆمبیلەکان کە سەگانە دەوەڕین. هەستی دەکرد کەسێک دوای کەوتووە! چونکە سەری دەکرد بە هەر شەقامێکدا، هەستی دەکرد ئەویش لەگەڵیدا ڕێگە دەگۆڕێت. نیوەی کۆڵانێکی چۆڵی تێپەڕ کردبوو کە لە ناکاو هەڵگەڕایەوە! بەڵام جگە لە سێبەری درێژی خۆی، هیچی نەدی! بە خۆی دەگوت:

"ڕەنگە تووشی ساویر بووبێتم یان هەستەکەم بەهەڵەدا چووبێت."

گوێی نەدا و درێژەی بە ڕێگەکەی دایەوە؛ ئەڵبەت ئەو هەستەی کە وایدەزانی کەسێک دوای کەوتووە، دەستهەڵگری نەبوو! دەرگای کافەکەی کردەوە و چووە ژوورەوە؛ دووکەڵ لەنێو دووکەڵدا گرێکۆڵەی بەستبوو؛ بۆنی هەموو جۆرە خواردنەوەیەکیش دەهات؛ پێدەکەنین و زرمەی پەرداخەکانیان دەهات. لە پشت مێزێکی چۆڵدا دانیشت و جگەرەیەکی ڕۆشن کرد.

- بەڕێزم بەخێربێن. چی دەخۆنەوە؟

- خۆم دەخۆمەوە!

- چی؟
- چارەکێک ویسکی، تکایە.
- هههههههههه...
- قاوەیەکم بۆ بێنە، خۆ ئێرە ئەورووپا نییە کاکە.

سالآنێک بوو خۆی دەخواردەوە، بەلآم قابلۆخەکەی جوان مابووەوە؛ سەرنجڕاکێش و جێنتێلمەن و چاوسەگی.

دوو خولەکێک تێنەپەڕیبوو کە خاتوونێک لە دەرگاکەوە هاتە ژوورەوە و لەبەر دەرگاکەدا وەستا و چاوێکی خشاندە نێو ژوورەکەدا و چاوی لەسەر فەرهاد کە لە پشت مێزێکی چۆڵدا بوو، وەستا. بەئارامی و خانمانە بەرەو لای ڕۆیشت. سەری بەرز کردەوە و سەیری کرد کە خاتوونێکی جوان لە تەنیشتی وەستاوە! دووکەڵەکەی دایە دەرەوە و نەختێک بە سەرسووڕمانەوە سەیری کرد.

- ئێرە جێی کەسێکە؟
- نا!
- کێشە نییە دابنیشم؟
- تکایە؛ فەرموو.

ژنێکی جوان، کاڵ و چاوسەوز، باڵابەرز، بە جلێکی تەنگ! پیاوەکانی دەوروبەریش، بە چاوحیزی سەیریان دەکرد. بەرامبەری فەرهاد دانیشت. قاوەکەیان بۆ دانا.

- بەخێربێن خاتوون. ئێوە چی دەخۆنەوە؟

- بۆ منیش قاوەیەک، تکایە.

- ئۆکەی. بەچاوان.

جگەرەکەی لە دواهەمین هەناسەکانیدا بوو کە بە فەرهادی گوت: "کێشە نییە درێژەی جگەرەکەت من بیکێشم؟"

- نا، نا! فەرموو!

دەمی خستە جێ دەمەکەی ئەو و جگەرەکەی دەکێشا. فەرهاد مات ببوو، لە لای زۆر سەیر بوو، شتی وەها لەلای ئاسایی نەبوو. هەموانیش سەیریان دەکرد. فەرهاد لەگەڵ خۆی گوتی:

"ئەمە ئیتر کێیە؟!"

هەروا بێدەنگ بوو و نەختێک قاوەی خواردەوە، پەرداخەکەی دانا و کاتێک چاویان خستبووە ناوچاوی یەک، پێی گوت:

"چاوت زۆر جوانە!"

- هەر چاوم؟

- ڕوخساریشت جوانە!

- سپاس؛ چاوت جوان دەبینێت.

- ڕاستییە.

قاوەکەی خانمەکەیشیان دانا و نەختێکی لێ خواردەوە؛ پەرداخەکەی دانا و کاتێک چاویان خستبووە ناوچاوی یەک، بە فەرهادی گوت:

"زۆر جوانخاسی!"

- سپــــــاس.

- هاوسەرگیریت کردووە؟

- نا.

- زۆر باشە؛ بەڵام بەدڵنیاییەوە دڵبەرێکت هەیە!

- هههههههههه؛ نا؛ ئەوەیشم نییە.

- گاڵتەم پێ دەکەیت؟

- نا! بۆچی دەبێ گاڵتەت پێ بکەم؟

- پیاوەکان زۆربەیان بەوجۆرەن؛ درۆ دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ ژنێکی تردا بن.

- نا؛ نە درۆ دەکەم، نە گاڵتە؛ چونکە هیچ بە پێویستی نازانم.

نەختێکی تر قاوەیان خواردەوە کە فەرهاد پێی گوت:

"تۆ چی؟ هاوسەرت هەیە یان..."

قسەکەی پێ پچڕاند و گوتی:

"هاوسەرم هەیە."

- ئەی ناترسیت من و تۆ پێکەوە ببینێت کە خەریکین قاوە دەخۆینەوە؟

- نا؛ چونکە بۆی گرینگ نییە.

ئێشێکی نامۆ لەنێو چاوانی جوانی ئەو ژنەدا، پەلەقاجێی دەکرد! فەرهاد بە ڕوخسارێکی سەیرەوە پێی گوت:

"یانێ بۆ مێردەکەت گرینگ نییە لەگەڵ پیاوێکی بێگانە دابنیشیت و قاوە بخۆیتەوە، جگەرەکەیشی لێ وەربگریت و لێی بکێشیت؟"

زۆر بەئاسایی وەڵامی دایەوە:

"گوتم کە نا."

- بەڵام ببوورە، من تێناگەم!

- لە چی تێناگەیت؟ لەوەی کە وادەزانیت شووەکەم گەوادە یان...

- نا، نا؛ مەبەستم ئەوە نییە، بەڵام...

- بەڵام ڕەنگە وابزانیت کە من ژنێکی خراپم یان لەش...

- نا، نا؛ تکایە بیبڕەوە. من هیچ نازانم.

ژنەکە هیچی نەگوت. نەختێکی دیکەیان خواردەوە و فەرهاد جگەرەیەکی تری ڕۆشن کرد. ژنەکە پێی گوت:

"ببوورە؛ دەکرێت جگەرەیەکیش بدەیتە من؟ زۆرم حەز لێیە."

- ئەی بۆ ناکرێت!

- سپاس.

جگەرەیەکی بە جگەرەکەی خۆی ڕۆشن کرد و پێی دا و چەند خولەکێک بەبێدەنگی سەیری یەکیان کرد و سەرنجی لە چاوە سەوزەکانی نەدەبڕا و چەند جارێک سەیری لێوە ناسکەکانی کرد و فەرهاد ویستی قسە بکات کە ئەو هاتە قسە و گوتی:

"بیر لە چی دەکەیتەوە؟"

- هیچ! بۆ بڕیارە بیر لە چی بکەمەوە؟

- پیاوێکی تەنیا، کە ژنێکی بێگانە و بە قسەی خۆی جوان، لە بەرامبەری دانیشتووە، یانێ بیر لە هیچ ناکاتەوە؟

- مەبەستت چییە؟ یانێ منیش بیر لەوە دەکەمەوە کە شەوێک لەگەڵ تۆدا بم؟

- شەوێک، یان ڕەنگە زۆرتر!

فەرهاد لە جۆری قسەکردنی ژنە کەوتە ترەتر:

"ن ن نا؛ من ق ق ق قەت وەها بیرم نەکردووەتەوە!"

- بڕوا ناکەم! ئەها زمانت هەڵناچەرخێت! مەگەر ئەوەی...

- مەگەر چی؟

- تۆیش وەکوو مێردەکەم وا بیت!

قومێکی تریان خواردەوە و بە سەرسووڕمانەوە گوتی:

"وەکوو مێردەکەی تۆ وابم؟!"

- ئەرێ! وەکوو مێردەکەی من وابیت.

- بۆ مێردەکەی تۆ چۆنە؟!

پەرداخەکەی نابە سەرەوە و نەختێکی لێ هێشتەوە؛ چرچ کەوتە ڕوخساری و گوتی:

"مێردەکەم نێرە! نێرانەیش دەنەڕێنێت و هەنگاو دەنێت! بەڵام..."

- بەڵام چی؟!

- چەند مانگە هاوسەرگیریمان کردووە، بەڵام هێشتا جارێکیش لە تەنیشتم نەخەوتووە!

- ڕەنگە ژنێکی تر لە ژیانیدا بێت!

- منیش یەکەمجار وەها بیرم دەکردەوە. ماوەیەک شوێنی دەکەوتم، بەڵام هیچ بەڵگەیەکم دەست نەکەوت! جارێک پێی زانیم کە شوێنی کەوتووم، لەماڵەوە لێی دام و هەڕەشەی لێ کردم. ئەمجار کەسی دیکەم ڕاسپارد کە شوێنی بکەون، بەڵام دوای مانگێک جگە لەوەی کە بۆ سەر کارەکەی دەڕۆیشت و جارجار سەردانی هاوڕێ نێرەکانی دەکرد، هیچی دیکەیان لێ نەدی!

پەرداخەکەی نابە سەرەوە و هەمووی خواردەوە. فەرهادیش قومێکی خواردەوە و نوقمی قسەکانی ببوو! ژنێکی بێگانە ئاوا قسە بگێڕێتەوە، زۆر سەیر بوو! فەرهاد بیری دەکردەوە:

"ئەم ژنە کەتنێکی لە سەردایە! ئەگەرنا بۆچی ئاوەها لەگەڵ منێک کە قەت نەیدیوە قسە دەکات و باس لە تایبەتیترین شتەکانی ژیانی دەکات؟!"

ژنە درێژەی دایەوە، بێ ئەوەی لەلای گرینگ بێت کە فەرهاد کێیە! گوتی:

"شەوێکیان هاوڕێیەکی، میوانمان بوو؛ پیاوێکی جوان و قۆز؛ لەگەڵ مێردەکەم زۆر کۆک بوون! وەک هەمیشە لووتی پێمدا نەدەهێنا و بۆی گرینگ نەبوو کە میوانمان هەیە یان نا. سێ پەرداخ چاییم لەسەر مێزەکەدا دانابوو و بۆ شەکرەکە گەڕامەوە چێشتخانە، لە ناکاو لەوێوە دیتم کە خەریکە شتێک دەکاتە نێو پەرداخە چاییەکەم!"

پەرداخە قاوەکەی فەرهادی بێئیجازە ڕاکێشا بۆ خۆی و قومێکی لێ خواردەوە و دەستی پێوە بوو؛ فەرهادیش هیچی نەدەگوت و گوێی بۆ شل کردبوو و چووبووە نێو خەیاڵەوە! سەیرێکی قاوەکەی کرد و گوتی:

"چ دەبوو ئەگەر لەجێی ئەم قاوە، شەرابێک بوایەت؟!"

درێژەی دایەوە:

"لێی گەڕێین... لە چێشتخانەکە شەکرەکەم هەڵگرت و گەڕامەوە؛ خەریکی خواردنەوەی چایی بوون؛ نەمزانی چی کردبووە نێو چاییەکەمەوە! بەڵام هەر خواردمەوە..."

فەرهاد قسەکەی پێ پچڕاند و گوتی:

"دەی چۆن کاری وەهات کرد و خواردتەوە؟ نەترسای کە شتێک بێت و بتکوژێت؟"

- مردن بۆم گرینگ نەبوو؛ بۆیە حەزم دەکرد یان بمرم، یان بزانم خەریکە چی ڕوو دەدات.

- دەی دوایی چی ڕووی دا؟

- نزیک نیو کاتژمێرێک تێپەڕی کە هەستم کرد سەرم قورس بووە و داوای لێبووردنم کرد لە میوانەکە و چوومە ژوورەکەی خۆمەوە و نازانم کەی و چۆن خەوم لێ کەوت! کە خەبەرم بووەوە، ڕۆژ بوو و کەس لە ماڵەوە نەبوو!

- یانێ حەبی خەوی پێ دابوویت؟

پەرداخەکەی لە دەستدا بوو، هەستیان بە بوونی کەس لەو کافەدا نەدەکرد، کە درێژەی دایەوە:

"ئەرێ؛ حەبی خەو بوو!"

- بۆچی وەهای کرد؟!

- چەند ڕۆژ دوای ئەو شەوە، دووبارە ئەو هاوڕێیەی هاتەوە بۆ ماڵمان؛ ئەمجار بە بیانوویەکی تر منی نارد بۆ چێشتخانە و دیتم کە شتێکی دیکەی کردەوە نێو پەرداخە چاییەکەم! کە هاتمەوە، بە درۆ چاییەکەم هەڵگرت و نەختێکم کردە دەمم و قورتم نەدا و بەرەو چێشتخانەکە ڕۆیشتم. هەر سەیریان دەکردم! لێم دیار نەبوون کە ڕژاندم و خێرا نەختێکی تر چاییم تێی کرد و گەڕامەوە و لە تەنیشتیان خواردمەوە. دوای نیو کاتژمێر بە درۆ گوتمەوە کە نەخۆشم و ناتوانم لایان دابنیشم و دەبێ بخەوم. بزەیەکی تاڵ لەسەر لێویان نیشتەوە؛ چوومە ژوورەکەی خۆم و بە درۆ خۆم کرد بە خەو، کە دوای چەند خولەک مێردەکەم و هاوڕێکەی هاتنە ژوورەکەمەوە.

نەختێک بێدەنگ بوو، فەرهادیش چاوی زەق کردبووەوە و خێرا گوتی:

"دەی دەی درێژەکەی!"

قاوەکەی بەتەواوی خواردەوە و خۆیشی نەیزانی چلۆن بوو کە بێئێختیار وەڵامی دایەوە:

"تۆزێک سەیریان کردم و کە دڵنیا بوون خەوم لێ کەوتووە، دەرگاکەیان بەست و بە کلیل قوڵفیان کرد و چوونە دەرەوە!"

- چوونە دەرەوە؟! یانێ چی؟!

- ئەرێ؛ چوونە نێو ژووری دانیشتنەکە. بۆ چاوەڕێی چی بوویت؟!

- هەستم بە شتێکی تر کرد! دەی دواتر!

- دەزانم چۆن بیرت کردووەتەوە. بەڵام وەها نەبوو کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە... دوایی گوێم بە خەمزە و نازی هاوڕێکەیەوە بوو! عیییییییش...

- یانێ مێردەکەت...

- مێردەکەم حەزی لە خەوتن لەگەڵ مندا نەبوو!

فەرهاد وەک بڵێیت قیزی شێوابێتەوە، حاڵەتی ڕوخساری گۆڕا و گوتی: "ئەی دوای ئەوە چی ڕووی دا؟"

- ماوەیەک چوومەوە بۆ ماڵی باوکم و نە ڕووم بوو بڵێم کێشەم لەگەڵ هاوسەرەکەم چییە و نە دەمویرا باسی بکەم.

- ئێستاکە چی؟

- ئێستایش لەگەڵ هاوسەرەکەم دەژیم.

- دەی چۆن شتی وەها دەبێت! یان ئەو چۆن لێت جیا نابێتەوە؟

- من کە ناتوانم لێی جیا ببمەوە، چونکە هۆکارەکەی ئەستەمە بۆم بیهێنمە سەر زمان و باشترە بڵێم کە ئەگەر ئەو نهێنییە بدرکێنم، دەمکوژێت. ئەویش لێم جیا نابێتەوە و نازانم بۆ!

فەرهاد پارەی خستە سەر مێزەکە و پێی گوت:

"وەرە با بڕۆینە دەرەوە. ژنێکی تەنیا و بێحاڵ، نابێ لێرە بمێنێتەوە."

ڕۆیشتنە نێو شەقام و هەنگاویان دەنا. دەستی فەرهادی گرت، هەستێکی نامۆ لە دڵ فەرهاددا دروست ببوو، هەستێکی تێکەڵاو لە خۆشی و ترس و بژاڵ! لە کافەی شەقامی سەرەکیی شار دوور کەوتنەوە. فەرهاد لێی پرسی:

"دەستی منت گرتووە و تەنانەت نازانیت ناوی من چییە!"

بە نازەوە وەڵامی دایەوە:

"حەز دەکەم ناوت کەیوان بێت."

- کەیوان؟!

- ئا، ئا. کەیوان. ناوێکی خۆشە.

- با وا بێت کە تۆ دەیڵێیت!

- حەز دەکەیت ناوم بزانیت؟

- ئەرێ. ناوی ڕاستەقینەی خۆتم پێ بڵێ.

- ناوم لایلایە. بۆچی ناوی ڕاستەقینەی منت دەوێت؟

- چونکە ئەوە ناوی خۆتە و حەز دەکەم بە ناوی ڕاستەقینەی خۆتەوە دواتر لە زەینمدا وێنات بکەم، لەیلا.

فەرهاد بە خۆیدا هاتەوە و بە سەرسووڕمانەوە گوتی:

"ئەوە ڕاستی بۆ کوێ دەڕۆین؟!"

لەیلا دەستی کرد بە پێکەنین و گوتی:

"بڕۆینەوە بۆ ماڵی من."

فەرهاد دەستی بەردا و گوتی:

"وەی خوا گیان! من چەندە گەمژەم! جا شتی وا چۆن دەبێت؟!"

لەیلا ناوچاوی ترشاند و پێی ناخۆش بوو و گوتی:

"زۆریش حەز بکەیت."

- ئەی مێردەکەت؟!

- ئەو بەرەڵایە لە ماڵ نییە. دێیت یان بڕۆم؟

- ئەگەر بگەڕێتەوە چی؟!

- تا چەند ڕۆژی دیکەیش بە ملی شکاوەوە نایەتەوە. کەیوان! دێیت یان نە؟

فەرهاد بیری دەکردەوە:

"ئەگەر من نەچم، کەسێکی تر دەڕوات..."

بێدەنگی شکاند و گوتی:

"ئەریٚ دێم."

لەیلا بزەیەکی کرد و دەستی فەرهادی گرتەوە. فەرهاد گوتی:

"ئەی ناترسیت خزمێک، ئاشنایەک، لەگەڵ بێگانەیەکدا دەست لەنێو دەستی، بتبینێت؟"

- تا ئێستا ئەگەر کەسێک نەمانیدیبێت، ئیتر نامانبینن، ئەوەماڵمان لەنێو ئەو کۆڵانەیە، سەرەتا من دەرگا دەکەمەوە و دەڕۆمە ژوورەوە، ئەگەر تۆیش کەسێکت نەدی، خێرا وەرە ماڵەوە بەقوربان.

لەیلا ڕۆیشتە ماڵەوە. فەرهاد سەیری ماڵیانی دەکرد: خانوویەکی یەک نهۆمی، هەموو گڵۆپەکانیشی کوژابووەوە. کە دیتی کەس دیار نییە، بەپەلە خۆی خستە ئەو دیوی دەرگاکەوە. هەر دەرگاکەی بەست، لەیلا باوەشی پێیدا کرد و ماچێکی کرد و بە گوێیدا گوتی:

"ئافەرین شێرەکوڕ! هەر دەمزانی بەغیرەتیت!"

فەرهاد ئەو قسەیەی زۆر پێ خۆش بوو و هەستی بە وزەیەکی زۆر و بزوێنەر دەکرد. بزەیەکی کرد و و گوتی:

"جا چۆن دەبێت ژنێکی جوانی وەک تۆ لەدەستی خۆم بکەم؟"

دەرگای ڕێڕەوەکەیان کردەوە و لە حاڵێکدا کە دەستی بە کەمەری لەیلاوە بوو، چوونە ژووری دانیشتنەکەوە. لەیلا گڵۆپەکانی هەڵگیرساند. لە ناکاو فەرهاد لە جێگەی خۆیدا وشک بوو! ڕەنگی سپی بووەوە. لەیلا پێکەنینێکی شەیتانیی کرد و گوتی:

"کەیوان گیان، مێردەکەمت پێ دەناسێنم: ڕزگارە ئیفلیج."

فەرهاد قەت بیری نەدەکردەوە کە وەها وێنەیەک ببینێت! زمانی هەڵنەدەچەرخا و ماقی پیاوێکی لەڕ و لاواز ببوو کە لەسەر "ویلچر"ێکدا بوو و بەکزی چاوی بڕیبووە ناوچاوی فەرهاد؛ دەمی داچەقابوو و لە جێگەی خۆیدا نەدەجووڵایەوە. فەرهاد تفێکی قورت دا و سەیری لەیلای دەکرد کە ئەویش چاوی بڕیبووە ڕزگار لەسەر ویلچرەکەدا و پێی گوت:

"تۆ کە گوتت لە ماڵەوە تەنیایت! تۆ گوتت مێردەکەت چی کردووە و چی دەکات! بەڵام..."

لەیلا چاوی خستە ناوچاوی فەرهاد و قسەکەی پێ پچڕاند و گوتی:

"کەیوان گیان! درۆم لەگەڵت نەکردووە."

دەستی کێشا بۆ ڕزگار و گوتی:

"ئەمە هەر ئەو بێشەرەفەیە کە چەندین مانگ لێمی داوە و بە کردەوە قیزەونەکانی ئازاری داوم. ئێستا خوا ئاوای لێ کردووە و مانگێکە جووڵەی لێ بڕاوە. خوای من ئاوای لێ کرد! خوا خراپتری بەسەردا بێنێت. ئێستا سەرەی منە بەقوربان، سەرەی لەیلایە، لەیلا."

- بەڵام تۆ هەر درۆت کرد.

- ئەگەر بمگوتایەت لەماڵەوەیە و دۆخی ئاوایە، ئایا لەگەڵمدا دەهاتیتەوە؟!

فەرهاد هیچی نەگوت و بە بێدەنگی ماقی ڕزگار بووەوە. لەیلا کراسەکەی داکەند! ڕزگار سەیری دەکرد و فرمێسکێک خزایە سەر گۆنای. فەرهاد حەبەساو مابووەوە! لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا وەستابوون، ڕزگاریش لە کونجی ژوورەکەوە چاوی لێیان بوو. لەیلا باوەشی کرد بە مل فەرهاددا و دەستی لە گەردنی قوڵف کرد و ماچێکی کرد. فەرهاد وەک داهۆڵێک وەستابوو و وەک ئەوەی کە لە کارەبا درابێت، جووڵەی نەدەکرد. لەیلا بە گوێیدا چرپاندی:

"کەیوانەکەم! یارمەتیم بدە تا دڵم سوکنایی بێت. یارمەتیم بدە ئەو ڕۆژە ناخۆشانەی کە بوومە لەیاد بکەم. یارمەتیم بدە ئەو زەجرانەی کە کێشاومە، ڕزگاریش بیکێشێت. یارمەتیم بدە ڕزگاریش دەنگگەلێک ببیسێت کە من چەندین مانگ لەگەڵی ژیاوم و تامە تاڵەکەیم چێژاوە. ئەو گەوادە لەپێش چاومدا نێربازیی دەکرد. ئەوانە کە هیچ! ژنی هاوڕێ کونییەکانی دەهێنایە ماڵەوە و ناچارمی دەکرد سەیری سێکس‌کردنیان بکەم! سەدان‌جار دەستی ناوەتە ناقم و ویستوویەتی بمخنکێنێت. پێت وایە مافی ئەوە نییە منیش وای لێ بکەم؟!"

فەرهاد قسەکانی پێ پچڕاند و بۆقێکی پێوە نا و بە تووڕەییەوە گوتی:

"تۆ ئاوا ئیفلیجت کردووە؟!"

لەیلا هات نزیکی ببێتەوە کە فەرهاد گوتی:

"نزیکم نەبیتەوە، وەڵامم بدەوە!"

- نە من وام لێ نەکردووە.

- ئەی کێ؟!

- ڕزگار لەنێو کاروباری فرۆشتنی ماددەی هۆشبەردا بوو.

فەرهاد ئەوەندەی تر سەری سووڕمابوو کە لەیلا درێژەی دایەوە:

"ئەم بێشەرەفە شەوێکیان دوای ئەوەی لەماڵەوە منی دایە بەر لەقە، لەگەڵ خوێڕییەکی تر وەک خۆی، ڕۆیشتە دەرەوە و سواری ماتۆڕ ببوون. دوای ئەوەی پۆلیس پێیانی زانیبوو و دوایان کەوتبوون، ئەمانیش نەوەستابوون و ڕایان کردبوو؛ پۆلیس تەقەیان لێ دەکات؛ هاوڕێکەی دەستبەجێ دەمرێت و ئەمیش ئاوەها ئیفلیج و خەساو دادەکەوێت و شکور تەنانەت ناتوانێت زمانیشی هەڵچەڕخێنێت. تا کاتی مردنیش دەبێ بە ئیفلیجی بژیەت. مافی خۆیەتی، مافی خۆیەتی، تێدەگەیت؟!"

- بۆچی دەبێ من بڕوات پێ بکەم؟! چۆن بزانم کە درۆ ناکەیت؟!

لەیلا لەسەر مۆبلەکە دانیشت؛ تێک چووبوو. پێی بکرایەت، فەرهادی بە شەق دەکردە دەرەوە، بەڵام چارە نەبوو و تازە فەرهاد هاتبووە ماڵەوە. ڕوو بە فەرهاد گوتی:

"لەسەر ئەو مۆبلە دابنیشە با پێکەوە قسە بکەین."

فەرهاد لە بەرامبەریدا دانیشت. سێ کەسی، سێگۆشەیەکیان دروست کردبوو. ڕزگار بە ڕوخساری داشۆڕاوەوە سەیریانی دەکرد! فەرهادیش لەنێو دوو ڕێگادا وەیلان بوو و لەگەڵ خۆی دەیگوت:

"دابنیشم و لەگەڵ لەیلادا بخەوم یان بڕۆم و تووشی ئەو تاوانە نەبم؟ من چۆن بزانم ڕزگار ئەو مرۆڤەیە کە لەیلا دەیڵێت؟! نێربازییەکەی بۆم ئاساییە، بەڵام ئەوەی کە ماددەی هۆشبەری فرۆشتووە، ڕقم هەڵدەستێنێت..."

لەیلا چاوی خستە ناوچاوی فەرهاد و گوتی:

"پاش ئەوەی کە زانیم ڕزگار نێربازە و تەنیا منی هێناوە کە کردەوە قیزەونەکانی نهێنی بهێڵێتەوە، پێم گوت: (ئەو شەوە بێهۆش نەبووم و گوێم بە خۆت و هاوڕێکەتەوە بووە و ئیتر لە لات دانانیشم و تەڵاقت لێ دەستێنم. تۆیش کە سروشتت وایە و نابێ شەرم لە خۆت بکەیت، بەڵام خەریکی ژیانی من و خۆیشت دەفەوتێنیت.) هەر ئەوەم گوت، خوێن بەرچاوی گرت و دەستی نایە ناقم و نوکی چەقۆیەکی لە نزیک چاومەوە گرت و گوتی: (جارێکی تر ئەم قسەیە دووپات بکەیتەوە، چاوت هەڵدەکۆڵم!) چەقۆکەی هێنایە خوارەوە، خەتێکی بەسەر ڕانمدا کێشا! شواڵەکەمی دڕاند و خوێنەکە بە هیچ جۆرێک نەدەگیرسا. نەیهێشت بۆ نەخۆشخانەیش بڕۆم."

فەرهاد سەیری ڕزگاری کرد کە بەکزی سەیری لەیلای دەکرد. لەیلایش بەتووڕەییەوە سەیرێکی ڕزگاری کرد و هەستایەوە و ڕووو بە فەرهاد شواڵەکەی داکەند! گوتی:

"کەیوان بڕوام پێ ناکەیت؟! سەیری جێ چەقۆکەی بکە. سەیری بکە و بیر لەوە بکەوە ئەم زامەم چۆن تیمار کردبێت! هەتا مانگێک گیانم تێدا نەبوو بڕۆمە دەرەوە، ئەوەندە خوێنم لەدەست دابوو."

فەرهاد سەیری ڕانی لەیلای کرد، جێی چەقۆیەک دەبینرا و دیار بوو کە زامەکەی قووڵ بووە. سەری بەرەو ڕزگار وەرچەرخاند؛ ڕزگار دەمی داچەقابوو

و فرمێسکی دەڕژاند. لەیلا شواڵەکەی هەڵکێشا و ڕوو بە چێشتخانە ڕۆیشت! فەرهاد لە جێگەی خۆیدا وشک ببوو. لەیلا گەڕایەوە و چەقۆیەکی لە دەستدا بوو! بەرەو ڕزگار ڕۆیشت و نوکی چەقۆکەی نزیک چاوی گرتبوو؛ دەستی دەلەرزی. ڕزگاریش چاوی زەق ببووەوە. فەرهاد هەستایەوە و قیژاندی:

"دەتەوێت چی بکەیت ئەوە؟!"

لەیلا سەری وەرچەرخاند، چەقۆکەی هەر بەوجۆرە گرتبوو و گوتی:

"مەترسە؛ نایکوژم. بەس دەیترسێنم."

چەقۆکەی هێنایە خوارەوە و خەتێکی بەسەر ڕانی ڕزگاردا هێنا و گوتی:

"داخەکەی گرانم؛ ئەم ئیفلیجە هەست بە هیچ ئێشێک ناکات!"

فەرهاد بەپەلە بەرەو لەیلا ڕۆیشت و چەقۆکەی لە دەستی سەند و حەگاڵێکی لەیلا لەلایدا بوو، ڕانی ڕزگاری پێی بەست. چەقۆکەی بەئارامی هێنابووە سەر ڕانیدا و کەم بڕیبووی، بەڵام خوێنی لێ هێنابوو. فەرهاد سەیری لەیلای کرد و گوتی:

"تۆ شێت بوویت؟! بۆ وا دەکەیت؟!"

- ئەرێ شێت بووم. با بزانێت چیم کێشاوە.

فەرهاد دانیشتەوە و بیری دەکردەوە:

"ئەگەر ڕزگار ئەم بەڵایانەی بەسەر لەیلادا نەهێنابێت، ئەم ژنە چۆن ئاوەها شێت بووە و ئاوەها هەڵسوکەوت دەکات؟!"

لەیلایش دانیشتەوە و گوتی:

"بیر لە چی دەکەیتەوە کەیوان؟!"

- تۆ گوتت کە ڕزگار قەت لەگەڵتدا نەخەوتووە!

- وایە!

- گوتت کە حەزی لێت نەبووە!

- وایە!

- بۆیە هەر بۆیشی گرینگ نییە کە من و تۆ لەگەڵ یەکدا سێکس بکەین.

- نا، نا! زۆریش بۆی گرینگە...

- نا، نییە!

- ئەو بەوەی کە من لەگەڵ تۆدا بخەوم، عاجز نییە! بەوەی عاجزە کە چیدی ناتوانێت سێکسی ببێت و جوانخاسێکی وەکوو تۆی لەدەست داوە!

فەرهاد حەبەساو مابووەوە! تووڕەیی و بێهێزی و ئێشێکی تۆقێنەر لە چاوانی ڕزگاریشدا دەبینرا. لەیلایش نزیکی فەرهاد بووەوە و لە ئامێزی گرت و لێوی ماچ کرد و بە گوێیدا چرپاندی:

"یارمەتیم بدە کەیوان گیان؛ یارمەتیم بدە..."

فەرهاد بیری دەکردەوە:

"مافی خۆیەتی نەک جارێک، بەڵکوو سەدان جار ئەو ئازارانە بچێژێت!"

بەردەوام پاساوی بۆ خۆی دەهێنایەوە و لە ئاکامدا بەرگەی نازەکانی لەیلای نەگرت و لەبەر چاو ڕزگاردا و لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا، وەک ئاشقە و ماشقە لەیەک ئاڵان.

**

**- سروە -**

- سۆران گیان! ئەم گوندەی ئێمە لەم ناوچەیەدا تایبەتە. بە جۆرێک کە بۆ هەموان ئاشکرایە کە ڕووناکبیرین. تۆ سەیر بکە! سەیری ئەو هەڵپەڕکێیە بکە؛ ڕەشبەڵەک و گەنموجۆ هەموان دەستیان گرتووە.

- ئا، ئا، ئەو سەرچۆپییە کێیە؟

- چی؟ دەنگت نایەت، بەرزتر قسە بکە.

- دەڵێم ئەوە کێیە لەسەر چۆپی؟

- ئەوە کچی شێخ حەسەنە.

دەمی نزیک گوێم کردەوە و گوتی:

"حەزم لێ دەکات؛ هەهەهەهەهە؛ بە سەحەری خوشکمی گوتبوو ئەو برایەت کەی ژن دێنێت!"

ناقم چنرابوو کە پێم گوت:

"ئەم قسەیە واتە حەزت لێ دەکات؟!"

بە دەنگی بەرز گوتی:

"ئەی بەخوا گەمژەیت! ئەی خۆ کەر جووتەی لێ نەداوە لەخۆوە وا بڵێت!"

سەرێکی لەقاند و چاوێکی قرتاند و لە گوێمدا چرپاندی:

"تازە ماچیشی پێداوم."

بزەیەک گرتی و بەردەوام سەیری کچەی دەکرد کە چۆپیی خول دەدا، کراسێکی شینی سەقزیی لەبەردا بوو و حەگاڵەکەی کەوتبووە سەر شانی و کە خۆی ڕادەوەشاند، لەرەی گۆشتی دەهات. بەو چاوە ڕەشانەیەوە لە زەینمدا وێنام دەکرد کە کاتێک ماچی بە حەمەی هاوڕێم داوە، چەندە کوڵمی ئاڵتر بووبێتەوە! حەمەیش لە خۆشیدا چلۆن ددانی ڕیچ کردبێتەوە؟! لە ناکاو حەمە شانێکی لێدام و بە دەنگی بەرز گوتی:

"هۆی سۆرانە ڕەش، چییە چاوت بڕیوەتە براژنت؟!"

- هیچێ نییە باوان؛ دەڵێم بزانم براژنم شازە بۆ ئەم برایەم.

- دەی چاکە چاکە، ئافەرەم. هەر لە خۆم جوانە. هەههههههە.

حەمە دووبارە شانێکی لێدام و بە گوێمەوە گوتی:

"سەیری ئەو سمێڵفشە بکە پاڵی داوەتە ئەو دیوارەوە و وەک کامپا چۆن تۆز دەکات، ئەم وەها دووکەڵ دەداتە دەرەوە!"

- کامە؟

- ئەها کۆتێکی ئەمریکایی سەوزی لەبەردایە، لای ڕاستمانەوە.

- ئەها! دەی دەی!

- ئەو هەتیوەی زۆڵە بەو سمێڵە بۆیاخەیەوە، قوون یەک دانە ژنی لێ دەرناکات، سەیری هەموویان دەکات.

- دە با سەیری بکات، چیی دەست دەکەوێت؟

- هیچ وەڵا! ئەو سەگبابە تێر ناخوات! ژنەکەی خۆی قوونێکی پێوەیە، وا لەژێر باڵیدایە.

- هەهەهەهەهەهەهە؛ خوات بتگرێت بۆ قسەت.

حەمە نەختێک پێکەنی و ماقی چۆپی بووەوە. دەنگی ئۆرگ و گۆرانی، هەموو خەڵکی گوندەکەی ڕاکێشابووە سەربانەکان. کۆتاییەکانی ڕەشەمە بوو، بەڵام وەک جاران، خەڵک شەوقی هاتنی نەورۆزیان لە دڵدا نەبوو! ڕوخسارەکان داشۆڕابوون! نیگاکان مردبوون! ئەو مۆسیقا و گۆرانییانەیش ڕۆحێکیان تێدا نەبوو! ماندوویەتی لە ڕوخساری هەموویاندا دەباری. هەر پیاوێک و سەیری هەموو ژنێکی دەکرد، جگە لە ژنەکەی خۆی! کوڕێکی گەنج بە خۆشییەوە سەیری قولی ڕووتی کچانی دەکرد و هەر کە خوشکەکەی خۆی گەیشتە لای، ناوچاوی دابە یەکدا و پچەیەکی بۆی کرد! کچە خێرا حەگاڵەکەی خاس کرد و شواڵەکەی کێشایە خوارەوە تا قولی دەرنەکەوێت. ژنانیش سەیری یەکتریان دەکرد و پچەیان دەکرد بۆ پاڵدەستەکانیان. پیاوێک لە تەنیشتمەوە بە هاوڕێکەی گوت:

"ئەم سەگبابانە وایان لە خۆیان کردووە، خۆ کەس نایانناسێت!"

کچێکی لەڕ و لاواز و کورتەباڵا، بە دەموچاوێکی داشۆڕاو و نیگایەکی سارد، لەنێو ئەو حەشیمەتەدا هاتە دەرەوە و بەرەو گۆڤەندەکە چوو و لە ناوەڕاستەوە و لەنێوان دوو کچدا دەستی گرت. نەتەنیا نیگای من، بەڵکوو هەموو نیگاکان بەرەو ئەو چوون! جلێکی سەوزی سادەی کەمڕەنگی لەبەردا

بوو. لە جەستەدا وەک کچێکی دوازدە ساڵان بوو، بەڵام بە ڕوخساریدا دیار بوو کە نزیک سی ساڵ تەمەنیەتی و کۆراوەتەوە! چەند چرکەی پێ نەچوو کە کچەکان، هەر دوو لای کچە جلسەوزەکەیان بەردا و چوونە سەرچۆپی و نەختێک پێکەوە پچەپچیان کرد! یەکەمجار، خەڵکەکە بە نیگایان قسەیان دەکرد، بەڵام دواتر پچەکردنەکان زۆرتر ببوون! چەند خولەکی پێنەچوو کە کچە جلسەوزەکە کەوتە بنی هەڵپەڕکێکەوە و هەموان دەستیان بەر دابوو. دەستی کیژۆڵەیەکی گرتبوو و بە هەمان حاڵەتی شێواو و تێکچوو، هەڵدەپەڕی. وەک داهۆڵێکی زیندوو هەڵدەپەڕی! بە گوێی حەمەدا چرپاندم:

"ئەرێ ئەو کچە جلسەوزە کێیە لە ئاخرەوە دەستی گرتووە؟"

لۆچ کەوتە تەوێڵی و وەڵامی دایەوە:

"ئەو فەقیرە ناوی سروەیە. داماوە کورە... بۆچی؟"

هاتم قسە بکەم، پیرێژنێکی گردەڵانە بەپەلە لەنێو حەشیمتدا دەرکەوت و بە ناوچاو ترشاوییەوە بەرەو سروە چوو و دەستی کرد بە ژێر باڵی سروەدا و لەگەڵ خۆی ڕایکێشا و لەنێو حەشیمەتدا نوقم بووەوە! کچە داماوەکە ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو! هەر پیرەژنەکە هات بە ڕوویدا، وەختەبوو زەندەقی بچێت. پچەپچەکان زۆرتر بووەوە کە دەستی حەمەم گرت و لە حەشیمەتەکە دوورم کردەوە. حەمە بە سەرسووڕمانەوە گوتی:

"ئەوە چییە سۆران؟! خۆ باڵمت لە بندا دەرهێنا!"

دەنگی ئۆرگەکە کەمتر بووەوە کە گوتم:

"ئەو کچە کێیە؟!"

حەمە چاوێکی بە هەڵپەڕکێکەوە بوو و سەیرێکی منی کرد و گوتی:

"سروە کچی خولەی مامساڵحە."

- لەوە گەڕێ. بە من چی کە کچی کێیە! ئەو پیرێژنە دایکی بوو؟

- ئەرێ دایکی بوو.

- بۆ ئاوا بە سووکی دەستی سروەی گرت و لەگەڵ خۆی بردی؟

- باسی سروە درێژە، دواتر بۆت دەگێڕمەوە.

- نا... هەر ئێستا.

- بەخوا برا کەری! وەڵا تا جوانجوان سەیری ئەو کچانەی نەکەم کە هەڵدەپەڕن، قسەی هیچت بۆ ناگێڕمەوە.

بێ ئەوەی چاوەڕێی قسەیەکی لێم بێت، ڕووبە نێو حەشیمەتەکە چووەوە و خۆیشی دەستی گرت بۆ هەڵپەڕکێ! منیش هیچم بۆ نەکرا و بەهێوری نزیک بوومەوە و سەیری هەموانم کرد؛ بە پیاو و پیرەمێردەوە، بە ژن و منداڵەوە، بە کچ و دار و دیوارەوە. ئاسمانیش ڕووی گرژ کردبووەوە!

کاتی خواردنی چێشتی نیوەڕۆ بوو؛ پیاوەکان لە ماڵی باوکی زاوادا دانیشتبوون. حەمە لە تەنیشتمەوە بوو کە پێم گوت:

"دەی ئێستا بۆمی بگێڕەوە."

- خۆ تۆ زوو ئاوا نەبوویت!

- چۆن نەبووم؟

- کەرانە لێ دەخوڕیت بابە!

- دەی خۆت گوتت بۆت دەگێڕمەوە!

- دەتەوێت لێرە بیگێڕمەوە و کەسێک بیبیسێت و شەڕ هەڵگیرسێت و زەماوەند بشێوێت؟!

- نا، نا!

- دەی باش. با چێشتەکەمان بخۆین، دەڕۆینە سەر گابەردی بەرامبەری ئاوایی و بۆت دەگێڕمەوە.

هیچم پێی نەگوت. "بەڵام بۆچی شەڕ هەڵگیرسێت و زەماوەند بشێوێت، نازانم!"

چێشتی نیوەڕۆمان خوارد. کەسی وابوو دوو جێ و سێ جێ چێشتی بەدزییەوە هەڵدەگرت و لەبەینی یەکتردا دەیانشاردەوە، حەمەیش بە بیانووی ئەوەی من میوانی تایبەتی ئەوم، جێگەیەکی خستە ئەو لای خۆیەوە! پچەیان بۆ یەکتر دەکرد و پێدەکەنین. بە شتی وا پێدەکنین کە من گریانم دەهات! خەفەتیان بۆ شتی وەها دەخوارد، کە من گاڵتەم پێی دەکردن... لەگەڵ حەمە بەرەو گابەردی بەرامبەری ئاوایی ڕۆیشتین.

- دەی بە دەم ڕۆیشتنەوە بۆم بگێڕەوە.

- پەلەت چییە ئەوە؟ هەمووت بۆ دەگێڕمەوە، نەختێک خۆڕاگر بە، زگم قورسە و دەتەوێت هەناسەیشم پێ ببڕیت؟

وێنەی سروە بەردەوام لەبەرچاومدا بوو: دەموچاوێکی قوپاو و تەنیا ماتیکێکی سووری دابوو و بە پێچەوانەی هەموان، جلێکی کۆنە و پانی لەبەردا بوو!

لەسەر گابەرد و بەرامبەری گوندەکە پێکەوە دانیشتین. گوندەکە لە پەنجا خانووی گڵی پێکهاتبوو، جریوەی چۆلەکەیش تێکەڵی ئەم دیمەنانە ببوو. حەمە دەستی هەڵپێکابوو کە گوتی:

"وابزانم چواردە ساڵی پێش بوو، کە شەڕێکی ئازاردەر لێرە هەڵگیرسا. پاسگای ئەم ناوچەیە ڕژابوونە نێو ئاوایی و دەربەدەر بە دوای عومەردا دەگەڕان. نەیاندۆزییەوە، هەڵهاتبوو..."

سەرمسووڕمابوو کە قسەکەیم پێ پچڕاند و گوتم:

"عومەر ئیتر کێیە؟! باسی چی دەکەیت ئەوە؟!"

حەمە نوقمی ئاوایی ببوو و چرچ کەوتبووە تەوێڵی کە درێژەی دایەوە:

"هەموو ئەم باسانە لەوێوە دەستیپێکرد کە سروە و دایکی لە شار گەڕانەوە."

- دەی!

- سروە زگی دێتە ئێش و ئەوەندە ئێشەکەی زۆر دەبێت کە دایکی دەیبات بۆ شار و دوکتۆر دوای وەڵامی تاقیگەی نەخۆشخانە بە دایکی دەڵێت: (بۆچی وەها خێرا کچێکی سێزدە ساڵانتان داوە بە شوو!؟) دایکی سەری‌سووڕدەمێنێت و بەحەبەساوی بە دوکتۆر دەڵێت: (سروە خۆ شووی نەکردووە!) دوکتۆر هەناسەیەک هەڵدەکێشێت و دەڵێت: (بەداخەوە سروە دووگیانە!)

تەزێک دای بە تەوقی سەرمدا! "کێ دەتوانێت دەستدرێژی بکاتە سەر کچێکی سێزدە ساڵە؟!"

حەمە درێژەی دایەوە:

“من کە زۆر منداڵ بووم و هیچم نەدەزانی، حەوتهەشت ساڵان بووم و لەگەڵ هاوڕێکانم هەر لەسەر ئەم گابەردە یاریمان دەکرد کە قیژەی سروە عەرز و ئاسمانی گرتەوە. ئەو وێنەیەم قەت لەیاد ناچێت؛ سروەیان لە سەربانی ماڵەکەی خۆیاندا خستبوو بە پشتدا و باوکی، قاچی خستبووە سەر ڕانی سروە و بانگردێنی دەهێنا بە سەر زگیدا، تاکوو بەچکەزۆڵەکەی زگی بکوژێت. سروە دەیقیڕاند و دەپاڕایەوە: (بـ بـ بـ بابە گیاااان، بـ بـ بـ بابە گیاااان! نااااوسکم دەرهات توخخخخوا. بەخواااا ناوێرم بـ بـ بـ بڵێم کـ کـ کـ کێ وای کردووە، ئەگەرنا هەمووتـ تـ تـ تان دەکـ کـ کـ کوژێت. بـ بـ بـ بابە گیاااان هە هە هەرەشەی لێ کـ کـ کـ کردووم...) باوکیشی خوێن بەرچاوی گرتبوو و ڕەشتییەکەی سەری داکەوتبوو و دەیقیڕاند: (پێم بڵێ لاڵەی دەڵەقۆڕ! پێم بڵێ ئەی سەگباب! بزانم ئەو گەوادە کێیە ئاوا ئابڕوو و شەرەفی بردووم و دەستدرێژیی بە نامووسم کردووە! پێم بڵێ حیزی قەحبە؛ پێم بڵێ ئەی دەڵەقۆڕ؛ کێ وای کردووە؟!) سروە لەژێر دەستی باوکیدا بێهۆش کەوتبوو و چیدی نووزەی دەرنەدەهات. لە سەربانەکەدا پانەوە ببوو. باوکیشی پڕووکابوو و لە ناوەڕاستی سەربانەکەدا دەستی هەڵدەپێکا و دەستی دەکردەوە و چەپۆکی لەخۆی دەدا و دەیناڵاند و بەدەنگی بەرز دەگریا و جنێوی بە هەموو خەڵکی ئاوایی دەدا: (ئەی گەوادینە! کام بێشەرفتان ئاواتان لێ کردم؟ خراپیم بۆ کام گەوادتان بوو؟ ئەمە حەقی من نەبوو، تف لە غیرەتتان... تف لە شەرەفتان... تف... تف... لە خوا نەترسان؟! لە

قیامەت نەترسان؟! تف لە ڕووتان.) بەڵام خەڵک تەنیا سەیریان دەکرد و پچەپچ گوێی کەڕ دەکرد: (- ئەو سروە ترە، چاک حیزی لێ دەرچوو! - ئەو نێرەکەرەی کە پەڕیوە لێی، تۆ بڵێیت کێ بووبێت؟! و...) سروەیش هێڵنجی دەدا و خوێنی هەڵدەهێنایەوە.″

چاوانی حەمە پڕی بوو لە ئاو، منیش هەموو ئەو وێنانەم دەهێنایە پێش چاو و بەردەوام بیرم دەکردەوە:

″سروە لەژێر دەستی ئەو کەسەدا، چۆن تر بووبێت و پاڕابێتەوە؟! چۆن هەڕەشەی لە سروە کردووە کە قسە نەگێڕێتەوە؟!″

بە هێوری گوتم:

″دەی دواتر چی ڕووی دا؟″

حەمە بەردەوام نوقمی ئاوایی ببوو، کە تفێکی قورت دا و گوتی:

″باوکی، ڕۆژی دوایی، سروەی بەستبوو بە داری نێو حەوشەکەیانەوە و ویستبووی قسەی لێ بکێشێتەوە و سروە هەر نەیوێرابوو دەم بکاتەوە! بە هەوساری ئەسپەکەی، هەتا خوا بڵێت بەسە، کوشتبووی؛ سروە هەر کۆڵی نەدابوو و باوکی لێی ماندوو ببوو و فیشەکی خستبووە نێو تاپڕکەیەوە و ویستبووی تاپڕێکی پێوە بنێت و بیکوژێت کە سروە هاواری کرد و گوتبووی کە عومەری زاوایان وای لێ کردووە...″

- عومەری زاوایان؟!

- ئەرێ... عومەر شووی خوشکی بوو. هەر کە ناوی عومەر دەبات، دەیەوێت فیشەکی پێوە بنێت، سەربازەکانی پاسگا دەڕژێنە نێو

حەوشەکەیانەوە و تاپڕەکەی لێ دەستێنن و لەگەڵ خۆیان دەیبەن. شیوەن و ڕۆڕۆیەکی نوێ، لەوێ دەستپێدەکاتەوە و تا دەڕۆن کە عومەر بگرن، عومەر هەر پار هەڵهاتبوو نەک ئەمساڵ!

- ئای کە ناخۆشە ئەم شتانە. تەواو تێکی دام.

- ناخۆشتر ئەوەیە کە منداڵ بیت و هەموو ئەم شتانە بە چاوی خۆت ببینیت. ئەمە تازە چاکەکەی نێویان بوو.

- بۆ؟! چی تر ڕووی دا؟!

- دوای هەڵاتنی عومەر، هاوسەرەکەی، واتە خوشکی سروە، لە سەربانی ماڵەکەی باوکیدا نەوتی بە خۆیدا ڕژاند و تا فریای کەوتن و کوژاندیانەوە، بوو بە قەقنەس. سۆران! تا کۆتاییەکەیم دی؛ تا کاتێک کە بوو بە قەقنەس. تا ئێستا کەسێک لەپێش چاوتدا بە زیندوویی سووتاوە؟! جلێکی ڕەشی لەبەردا بوو، هاواری دەکرد: (عومەر دەتسپێرمە دەستی خوا؛ خوا زەلیلت بکات؛ خوا لەنێوت بەرێ؛ چۆن توانیت ئاوا خیانەت بە ژن و منداڵ و ماڵە خەزوورانت بکەیت؟! چۆن توانیت ئەی حەیوانی دڕندە؟!) کە ئاگرەکەیشی بە خۆیەوە نا، دەگیریا و هەر دەیقیژاند: (عومەر بۆ وات لێکردین؟! خوا سووکی دونیا و قیامەتت بکات. خواااا... خوااااا...) سۆران! هەموو ئەمانەم دی و هەموو ئەمانەم بیست.

- عومەر چی لێهات؟!

- لەو کاتەوە کەس هەواڵی لێی نییە، خۆی ونکردووە. ئێستایش کە ئێستایە، براکانی سروە بۆی دەگەڕێن.

- ئەی بێشەرەف! دواتر چییان لە سروە کرد؟

- منداڵەکەیان هەر لە زگیدا کوشت و پێیان داخست. هەر لە سەرەتایشەوە کێشەی دەروونی بوو، سەرزوانی دەگرت، دەڵێن نیوەشێت بووە. عومەریش هەر لەم نوقسانییە ئاوا چێژی برد و دەستدرێژیی پێی کرد. شەو نییە لێی نەدەن و هاواری بەرز نەکەنەوە. خۆزگە هەر ئەو کات دەمرد، ئێستا هەموو ڕۆژێکی مردنێکە بۆی.

ئۆرگ دەیکوتا و هەڵپەڕکێ گەرم بوو و خەڵک خەریکی سەما و شایی بوون و سروەیش...

**

## - دیوارەکەیش ئارەقی دەرداوە -

کاتژمێر یەکی شەو بوو و هێشتا خەوی لێ نەکەوتبوو؛ دوای کاتژمێرێک تلاوتل‌کردن لەنێو جێگەکەیدا، تێگەیشت کە خەوی نایەت و باشتر وایە هەستێتەوە. گڵۆپەکەی هەڵگیرساند، چاوی دوای خولەکێک خۆتەنگ‌کردنەوە، کرایەوە. لەنێو ماڵدا خولێکی خوارد، کەسیان لە ماڵەوە نەبوو و بڕیار نەبوو تا ماوەیەکی تر بێنەوە. هەستی بە بێتاقەتییەکی زۆر دەکرد؛ حەزی دەکرد قسە بکات، بەڵام کەس لەلای نەبوو. زۆریش درەنگ بوو و دوودڵ بوو کە ئایا زەنگ بۆ ئامانج بدات یان نە. لەم ژوور بە ئەو ژوور هەنگاوەکانی دەژمارد و میهەنگەکانیش چرکەچرک بۆ پێشەوە. ڕۆیشتە چێشتخانە تا چاییەکەی گەرم بکاتەوە؛ کۆنە ببوو، بەڵام تاقەتی نەبوو چاییی تازە دەم بکات؛ لەگەڵ خۆی دەیگوت:

"هەر ئەوەی وا تاڵە، کێشە نییە."

لەسەر موبلی ژووری دانیشتنەکە، دانیشت؛ ئەو کارەساتە وازی لێ نەدەهێنا! کاتێکیش بۆیان گێڕاندبووەوە، مێشکی خەریک بوو دەتەقی. نەیدەزانی چۆن لە مێشکی دەری بکات و سەرنجی بخاتە سەر شتێکی تر؛ فیلم‌دیتن و کتێب خوێندنەوەیش، قیزی دەشێواندەوە! قەت باوەڕی نەدەکرد

مرۆڤ کاری وای لێ بووەشێتەوە! چاییەکەی کردە نێو پەرداخەکە و بێ شەکر و بەتاڵی خواردیەوە؛ تاڵتر لەوە بوو کە بیری لێ دەکردەوە. گوتی:

"بەشکم ئەم تاڵییە نەختێک هێورم بکاتەوە."

بەڵام سەریشی هاتبووە ئێش. ئێشێکی ئاشنا وەکوو ئێشەکەی دایکی کە هەمیشە دەیگوت:

"سەرم دەزیرِێنێت؛ داویە لە گوێچکەیشم و وابزانم چڵکی کردووە!"

بە هەر دوو دەستی، سەری گوشا و وڵاوینی تەوێڵیشی کارساز نەبوو. حەزی بە خواردنی حەبیش نەبوو و ویستی زەنگ بۆ ئامانج بدات. سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد، چارەکێک تێپەڕیبوو. مۆبایلەکەی هەڵگرت و زەنگی بۆی دا، بەڵام وەڵامی نەدایەوە! بەدڵنیاییەوە خەوتبوو. جارێکی تریش زەنگی دایەوە و دەنگی نەبوو، بۆیە وازی لێ هێنا.

لەسەر موبلەکە ڕاکشابوو و زەقزەق دەیڕوانی. گڵۆپی ژوورەکەیشی دەگڕا و شەوقەکەی دەگەیشتە تەنیشتی. تەنیا دەنگی چرکەچرکی کاتژمێرەکە دەهات. ئێشی سەری زۆرتر ببوو؛ هەستی بە قورساییەکی زۆر دەکرد؛ هەستی دەکرد پێنج کیلۆ ئاسن لەنێو کاسەی سەریدایە. تەزیبوو، نەیدەتوانی هەستێتەوە و حەبێکیش بخوات. پشتی ئارەقی کردبوو، دەستی چەپیشی تەزیبوو و بە دەستی ڕاستی مشتی لە تەوێڵی دەدا. چاویشی هاتبووە ئێش. چاوی بەتوندی قونجاند. هەستی کرد کە یەکێک بە دەرزی خەریکە گلێنەی چاوی شی دەکاتەوە! چاوی خێرا کردەوە؛ هەموو شتێک لەبەر چاویدا لێڵ بوو؛ تەنانەت تاقەکەی لە دوورەدەستەوە دەبینی! سەری لە خۆی

سووڕمابوو؛ بیریشی نەدەکردەوە باسێکی وەها، بەمجۆرە تێکی بدات. چێشتی شێویشی بۆ نەخورابوو، قۆڕەی زگیشی دەگەیشتە ئاسمان، بەڵام حەزی لە هیچ نەدەکرد.

زووزوو قسەکانی هاوڕێ بە مێشکیدا تێدەپەڕی و هەموو لەشی دادەگیرا؛ هەستی دەکرد ئێسقانەکانی درزیان تێ دەکەوێت! وایدەزانی کەسێک لە پشتەوە دەستی بەستووە و بە تەڕک لێی دەدات. ئێشێکی نامۆیش لە ناوقەدیەوە دەیشریخاند. هێزیشی نەبوو جووڵەیەک بکات. چرکەی کاتژمێرەکەیش بەرزتر دەبووەوە و لە مێشکیدا دەنگی دەدایەوە؛ وەک ئەوە وابوو کەسێکی ناشی دەهۆڵ بکوتێت. هەندێک جاریش سەگەکان دەوەڕین و قەپێکیان دەگرت و ئەویش نەیدەتوانی بە دەمی بەسراوەوە هاوار بکات و گریانیشی دەکەوتە خوارەوە، بۆ نێو زگ و ڕیخۆڵەی. چاوی دەقونجاند و دەیکردەوە؛ هەر جارە و نێو ژوورەکە دەگۆڕا! جارێکیان تاقەکە ئەوەندە لێی دوور ببووەوە کە هەستی دەکرد کەوتووەتە چایەکەوە و هەندێک جاریش ئەوەندە لێی نزیک بوو کە هەستی دەکرد دوای نەختێکی تر وەک گوو پانی دەکاتەوە. سەیری کاتژمێرەکەی کرد؛ هێشتا یەکونیو بوو! بە خۆی دەگوت:

"تۆ بڵێیت میهەنگەکان لە خاچ درابێتن، وا ناجووڵێن؟! بەڵام نا، دەنگی چرکەژمێرەکە دێت."

بە هەزار دەردیسەری هەستایەوە و تلەتل بەرەو پەنجەرەکە ڕۆیشت و پەردەکەی لادا؛ شەو هەموو پەنجەرەکانی کوژاندبووەوە؛ هەستی دەکرد لە نێو پاپۆڕێکدایە و شەپۆلەکان یاریی پێ دەکەن. بە زۆر خۆی بە پێوەوە

گرتبوو. وەک ئەوە وابوو پاپۆڕەکەیش تێکشکابێت، چونکە جیڕەی دار و ئاسن دەهاتە گوێیدا! لە یەک ساتدا وایدەزانی لە ناوەڕاستی زەریادایە و ساویری سەرنقومبوون داگیری کردبوو. ترسێکی نامۆ دایشاری؛ هیچ کات ئەوەندە لە تەنیاییدا نەترسابوو!

پێکانی بە گوێی مێشکیان نەدەکرد! ویستی بڕواتە سەر موبلەکە دابنیشێت و زەنگ بۆ ئامانج بدات. ئارەق لە هەموو گیانیەوە دەتکا. پێکانیشی وەک بەرد ڕەق ببوون؛ ئەژنۆیشی قوڵف ببوو. بەڵام هەر گێرەگێر بەرەو موبلەکە ڕۆیشت. دیوارەکان خۆیان تێی دەهاویشت؛ گڵۆپەکان هوروژمیان بۆ دەهێنا؛ شووشەکان بە زڕەیان ئازاریان دەدا. خۆی گەیاندە مۆبایلەکە و هەر چەند بە لێڵی دەیدی، بەڵام زەنگی بۆ ئامانج دا. ئیمانی لەلا نەمابوو، وەڵامی نەدایەوە. چەند جار زەنگی دا، تەنانەت تا دواهەمین زەنگیشی خوارد، بەڵام بێدەنگ بوو. نەیدەزانی دەستی لێ هەڵبگرێت یان هەر زەنگ بدات، بەڵام ڕوون بوو کە وەڵام ناداتەوە و ئێستا وەک ورچ خەوتووە و پرخەی دێت. بڕیاری دا بچێت بە دوایدا و خەبەری بکاتەوە. سەیری کاتژمێرەکەی کرد و چارەکێکی تر تێپەڕیبوو. نەیدەتوانی تاکوو ڕۆژ بێتەوە بووەستێت.

بڕیارێکی ئەستەم بوو؛ هەم ڕواڵەتی شپرز بوو و هەم لە دەروونەوە هەڵشێوابوو و هەستی دەکرد کەسێک چنگی لە دەروونی ئەودایە؛ هێزیشی لە خۆیدا شک نەدەبرد و  تەریق دەبووەوە زەنگی ماڵیان لێ بدات و دڵنیابوو کە هەموویان خەوتوون و لەو نیوە شەوەدا دەترسان کە چ قەوماوە! بەڵام گوێی لێ خەواند و هەستایەوە و بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت. لە تەنیشت دەرگاکەدا کراسەکەی هەڵواسیبوو و لەبەری کرد و بەزەحمەت لە

پلیکانەکەوە ڕۆیشتە خوارەوە. دەنگی تەقەی ئەژنۆی خۆی دەبیست! سەریشی وەک ئەوە وا بوو بە زۆر لەسەر ملی وەستابێت! پێی خستە نێو کۆڵان. بای سەرەتای پاییز خۆی تێ دەهاویشت و لە پشتیەوە سەرمایەکی تیژ لەشی دابووە بەر دەسرێژ. هەموو کۆڵان لە خەودا بوون. شەلەشەل بە ڕێ کەوت. خانووی ئامانج زۆر لێیان دوور نەبوو و یەک شەقام لە نێوانیاندا بوو، بەڵام بەو حاڵەی ئەو، چەندین کیلۆمەتر خۆی کێشابووە دواوەوە. دەلەرزی و گڵۆپەکانی جێ دەهێڵا. گڵۆپەکانیش دەوەڕین! هەستی دەکرد شەقام و کۆڵانەکان درێژ کراونەتەوە! ڕێگایەکی دوو خولەکیی بە چارەکێک تێپەڕاند.

لەبەر دەرگاکەیان وەستا؛ دوودڵ بوو کە زەنگی ماڵیان لێ بدات یان نە. خۆیشی نەیزانی چۆن بوو کە بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت زەنگی دا. ئەگەر وەڵامیان نەدایەتەوە، توانای نەبوو جارێکی تر دەستی بەرز بکاتەوە و زەنگ بدات. نەختێک تێپەڕی و باوکی ئامانج پەنجەرەکەی کردەوە و سەری کێشایە دەرەوە و بە سەرسووڕماوی گوتی:

"هێمن ئەوە تۆی؟! چ بووە؟! شتێک ڕووی داوە؟!"

سەری بەرز نەدەبووەوە، بەڵام سمێل و برۆ پانەکانی باوکی ئامانجی وێنا دەکرد. تەکانێکی لە خۆی دا و چاوی بەرز کردەوە و بە منجەمنج گوتی:

"بمبوورە کاک... سڵاو... ببوورە زۆر درەنگیشە... ببوورە ئامانج لە ماڵەوەیە؟"

هێشتا چاوی چاک نەکرابووەوە و لەگەڵ برۆی ببووە یەکێک، کە هەر بەو جۆرە گوتی:

"ئەرێ لەماڵەوەیە؛ خەوتووە؛ بەڵام بۆچیتە؟ خێرە بەم نیوە شەوە؟!"

- کەسمان لە ماڵەوە نییە و زۆر نەخۆشم، بە دوایدا هاتووم، بمبات بۆ نەخۆشخانە. بە زۆر تا ئێرەیش بڕم کرد.

- بووەستە، ئێستا خەبەری دەکەمەوە!

نەیزانی چۆن ئەو درۆیەی لەو حاڵەدا بۆ هات! تەنانەت بیریشی لێ نەکردبووەوە کە وەهای پێ بڵێت. باوکی ئامانجیش بە ڕوخساری هێمندا تێگەیشت کە بەڕاستی دۆخی شپرزە.

لەبەر دەرگاکەیان وشک وەستابوو و پشتی ببووە سەهۆڵ. نەختێک تێپەڕی و ئامانج دەرگاکەی کردەوە و بە ڕوخسارێکی سەیرەوە بەرەو ڕووی وەستا؛ قژی شێوابوو و دیار بوو کە بەپەلە جلی لەبەر کردووە. پڕ بە دەرگاکە وەستابوو. هاتە پێشەوە و بە چاوە ڕەشەکانیەوە سەیری ئاسمانی کرد و چاوی هێنایە خوارەوە و سەیری سەر تا پێی هێمنی کرد و گوتی:

"هێمن ئەوە چییە؟! وامدەزانی باران دەبارێت وا خووساویت! یەک مشت هەوریش بە ئاسمانەوە نییە! باوکم گوتی نەخۆشی..."

قسەکەی پێ پچڕاند و گوتی:

"وسسسسس. بمبەرەوە بۆ ماڵەوە، هێزی وەستانم نییە."

- ماڵی چی و شتی چی! نەخۆشی؛ بڕۆینە سەر شەقام بەشکەم ئۆتۆمبیلێک تێپەڕێت و بتگەیەنمە نەخۆشخانە.

خۆی بۆ نەگیرا و نەختێکی مابوو بکەوێت کە ئامانج خێرا گرتی و ویستی قسە بکات، کە هێمن گوتی:

"تکایە هیچ مەڵێ و بمبەرەوە بۆ ماڵ و دەبێ لەگەڵت قسە بکەم."

- چییە ئەوە؟ مەستی؟!

وەڵامی نەدایەوە. بۆنی دەمی هێمنی کرد و چووبووە ژێر باڵیەوە. هێمن تێنەگەیشت چلۆن گەیشتنە ماڵەوە و ئاگاداری ئامانج بوو کە بەردەوام قسەی دەکرد، بەڵام هیچی لێ تێنەدەگەیشت. دەرگای ماڵۆیشی نەبەستبوو و زۆر بەئەستەمی هێمنی لە پلەکانەوە بردە سەرەوە و لەسەر موبلەکە دانیشتن. هێمن حەبەساو مابووەوە کە چی بە سەریدا هاتووە! ئامانج گڵۆپی ژوورەکەی ڕۆشن کرد و هەنسکەهەنسک لە تەنیشتی دانیشت و دووبارە بە وردی سەیری هێمنی کردەوە و پێی گوت:

"ئێستا دەنگم بە جوانی دەبیسیت؟"

- حەبێکم بۆ بهێنە.

هەستایەوە و نەختێک نێو چێشتخانەکە گەڕا؛ ئیتر لێی نەپرسی کە لە کوێیە و ئیستامینوفۆنەکەی دۆزییەوە. لەگەڵ پەرداخێک ئاو هات و لە تەنیشتی دانیشتەوە و بەردەوام بە ڕوخسارە کۆسەکەیەوە باوێشکی دەدا. حەبەکەی پێ دا و گوتی:

"هێمن تکات لێ دەکەم لە یەک ڕستەدا پێم بڵێ کە چ قەوماوە!"

بە بوونی ئامانج، نەختێک ئارام ببووەوە. هەر بە دەنگێکی نیوەلەرزۆکەوە گوتی:

"ئەمڕۆ شتێک هەژاندمی؛ بەڵام بڕوام نەدەکرد بەمجۆرە تووشی یاو و لەرزم بکات!"

ئامانج باوێشکێکی دا، ئارەق لای تەوێڵیەوە خۆی خزاندە خوارەوە و دیار بوو کە هێشتا ماندووە و خەو بەجوانی بەری نەداوە کە گوتی:

"پێت چۆنە کە قاوەیەک دروست بکەم تا خەوی من بزڕێت و تۆیش نەختێک ئاسایی ببیتەوە؟"

سەرێکی لەقاند و هیچی نەگوت. ئەو ڕۆیشتە چێشتخانە و هێمنیش سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد و میهەنگەکان دوو و نیویان پیشان دەدا. هەستی دەکرد ئەژنۆی باشتر بووەتەوە، بۆیە هەستایەوە و وردەوردە بەرەو حەمام ڕۆیشت. ڕوخسار و سەری شۆرد و بەتاقەت وشکی کردەوە و جلەکانیشی گۆڕی. نەختێک باشتر ببوو، بەڵام هەر هەستی بە قورسایی دەکرد و سەریشی جارجار ژانی پێدا دەهات. هاتەوە سەر موبلەکە و سەیری ئامانجی دەکرد کە قاوەی ئامادە کردبوو و لەسەر مێزەکە دایناببوو. ئامانج بە بزەیەکەوە گوتی:

"وا دیارە باشتر بوویت، بەڵام سەیرە کە چاوانت جۆرێکی سەیر دەڕوانێت!"

- یانێ چی سەیر دەڕوانێت؟!
- دڵەڕاوکێیەکی تێدا دەبینم!
- دڵەڕاوکێ یان ئێشێکی دڕندە؟!
- باسی ئەو ئێشەم بۆ بکە!
- جارێ پێم بڵێ بزانم لێم تووڕە نیت؟
- نا! جا بۆ تووڕە بم؟

- خەوەکەتم لێ تێک دا.

- جا خەو چییە؛ خەو هەر دەبێتەوە.

جارجار مووچڕکەیەک دەهاتە گیانی هێمندا. بە ئارامی گوتی:

"ئەم ژیانە چ بەڵایەکی گەورەیە! وابزانم دێینە ئەم دونیایە، تاکوو ئازارێک بچێژین؛ ئازاری ئەو کارانەی بچێژین کە لەو دونیاکەی تردا کردوومانە. هەست دەکەم هەموومان شاربەدەرین."

ئامانج قومێک لە قاوەکەی خواردەوە و گوتی:

"هیوادارم ئەمشەو بۆ ئێرەمت نەهێنابێت تا لەم قسانەم بۆ بکەیت. چونکە خۆیشم هەندێکجار وەها بیر دەکەمەوە. تازە لە تۆ زۆر بێهیواترم. جارجار بە باوکم دەڵێم کە ئەم دونیایە جەهەندەمی دونیایەکی ترە؛ لەم قسە هەزارپات‌کراوانە. ئەڵبەت خۆ خۆت دەزانیت باوکم کەسێکی زۆر ئایینییە و بە تووڕەییەوە پێم دەڵێت کە کوفر مەکە ڕۆڵە. ئەڵبەت خۆیشم نازانم بۆچی ئەم قسانە لای باوکم دەکەم، چونکە بەدڵنیاییەوە ڕەتیان دەکاتەوە! تازە ئەم شتانە لە باوکی من و تۆ تێپەڕیوە. ئەمانە هەمووی لەلایەک، باوکم دەڵێت کە سەردەمانی زوو وەها نەبووە."

- چی وەها نەبووە؟

- خەڵک نەیاندەوێرا کوفر بکەن.

- ئەرێ وایە، چونکە بڕوایان وا بووە کە خوا غەزەبیان لێ دەگرێت.

- بە دڵنیاییەوە دەیگرت.

- ها؟!

- دەی ئەوە نییە ئەوەندە لەو دونیاکە کوفرمان کردووە و ئێستا لێرە وەڵامەکەی دەبینینەوە؟

هێمن نەختێک قاوەی خواردەوە؛ هەستی دەکرد کە ڕوو بە باشی دەچێت، بەڵام جارجار بیری پەرتەوازە دەبوو، دەستی بۆ تەوێڵی دەبرد کە وەک ئەوە وابوو زەرگی پێدا بکەن. ڕەنگی گۆڕابوو و ڕەنگە لیمۆییەکەی شاردبووەوە. ئامانج لە ناکاودا گوتی:

"دڵنیام ئەمجار شتێکی زۆر گرینگ ڕووی داوە کە وەها کاری تێکردوویت! ئەگەرنا تۆ دڵڕەقتر لەوەیت کە تەنانەت بە شتانێکی زۆر گەورە وەک کۆمەڵکوژییەکیش، دڵت ڕابچەڵەکێت."

- نا، نا! وانییە. من دڵڕەحمینم؛ هەندێک شتیش کە دەبینم زۆر ئازارم دەدات. چۆن وا بیر دەکەیتەوە؟!

- مەبەستم ئەوە نەبوو. دەزانم، زۆر شتم لێت دیوە. بەڵام تۆ بۆ شتانێک کە لێت دوور نین دڵڕەحمینیت. ئەگەرنا با لە "تایوان"دا بە سەدان کەس لەژێر ئاواردا زیندەبەچاڵ بن. دەی بڵێ وایە؟

- تۆ لەوانە گەڕێ. جیهان پڕە لە ڕووداو، بەڵام خۆ خەفەتی ئەم هەموومانە بۆ ناخورێت.

- ئافەرین... چاکت گوت. بەڵام ناتوانین بە ئاساییش لێی تێپەڕین. لەبیرتە ئەو ساڵە فڕۆکەیەکی پڕ لە خەڵک کەوتە خوارەوە؟ لە وڵاتی "مالزیا' بوو وابزانم.

- ئەی چۆن بیرم نییە! نزیک مانگێک هەموو کەناڵە هەواڵگرییەکانی جیهانیش باسیان لێ دەکرد؛ نەیشیاندۆزییەوە!

- ئەی بژیت؛ هەر ئەوە؛ مانگێک سەرقاڵمانیان کرد و هەمووی لەبیر کرا. ئەو هەمووە خەڵکە ئێستایش بێسەروشوێنن! بەڵام تەنیا ماوەیەک بوو و تەواو. دڵنیام ئەم باسەیش کە بەمجۆرە تۆی سەرقاڵ کردووە، هەر ماوەیەکی کورتە، زۆریش بخایەنێت، مانگێکە. ئێستا کە زمانت کرایەوە، پێم بڵێ بزانم چی بووە!

هەر ئەوەی گوت، دووبارە مووچڕکەیەک نووکی پێ تا تەوقی سەری هێمنی گرتەوە! حاڵی زۆر باش ببوو و قەت بیری نەدەکردەوە لە چەند کاتژمێردا، حاڵی لە چاکەوە بۆ خراپ بڕوات و دووبارە لە خراپەوە ڕوو بەباشی بچێت. بەڵام هەر دڵخۆش نەبوو، دڵی دەهاتە یەکدا! ئامانج چاوەڕێ بوو هێمن شتێک بڵێت؛ لە باوێشکدانیش کەوتبوو. لە تەنیشت یەک لەسەر موبلەکە پاڵیان دابووەوە. ئامانج سەیری کرد و گوتی:

"ناتەوێت خۆ تا سبەی وەها ڕامبگریت؟"

- نا؛ جا کێشەت چییە؟ تازە خەوەکەیشت زڕاوە.

- من حەز ناکەم بە شەودا بخەوم؛ یانێ حەز دەکەم شەشی بەیانی تا دوازدەی نیوەڕۆ بخەوم و تەواو. ئەڵبەت خۆ لەبەر بنەماڵە ناوێرین؛ یانێ زۆر شت لەبەر بنەماڵە ناوێرین بکەین.

- بۆچی حەز ناکەیت بە شەودا بخەویت؟

- نووسەرێکی ڕۆژاوایی گوتوویەتی: (خەو خیانەتە بە شەو.) ببوورە لە بیرم نەماوە کام نووسەر؛ بەڵام بەڕاستی ڕاست دەکات؛ ئەڵبەت من پێم وایە ڕاستە.

- بەڵام خەو کاتی حەسانەوەیە. هەموو گیاندارێک بە شەودا دەخەون و بە ڕۆژدا کاتی چالاکییانە.

- نە هەموو ئاژەڵێک؛ زۆرێکیش بەخەبەرن و ڕاو دەکەن.

کەوتەوە بیری کە ئامانج گوتی لەبەر بنەماڵە زۆر شت ناتوانن بکەن، بۆیە لێی پرسی:

"حەز لە چی تر دەکەیت وا بنەماڵەت بەربەستیەتی؟"

- زۆر شت. بەشکم بڵێیت تۆ وا نیت! ئەڵبەت هەندێکیان مافی خۆیانە دژی بووەستنەوە و زۆر جاریش مافیان نییە بە ویژدانم! دەزانیت چۆنە، ڕاستە ئەوان منیان هێناوەتە دونیاوە، ئەڵبەت من لەم ڕووداوەدا هیچ ڕۆڵێکم نەبووە، بەڵام خۆ ئیتر بڕیار نییە تا دەمرم ئەوان خاوەنی من بن. یانێ لە ڕاستیشدا خاوەنی منیش نین و هەرچەند من منداڵی ئەوانم بەڵام خۆ بەندکراوی ئەوان نیم.

دەستێکی هێنایە دەموچاویەوە و فیگۆڕێکی گرت و درێژەی دایەوە:

"بە جۆرێک هەست دەکەم ئازادیم نییە. ئەڵبەت خۆ خۆت چاکتر دەزانیت، ئەگەر لە لایەن بنەماڵەیشەوە ئازاد بین، لە لایەن کۆمەڵگاوە هەر دەستمان بەسراوەیە. یانێ ناهێڵن ئەو جۆرەی بیت کە دەتەوێت، مەگەر ئەوەی زۆر یاساشکێن بیت."

وەک جاران باسیان دامەزراند و دڵنیابوون کە لە چڵێکەوە دەپەڕێن بۆ چڵێکی تر؛ یانێ پێویستە پەراوێزێک گوێی بکەوێتە دەرەوە، خێرا

دەیانکێشایە گۆڕەپانەوە و ڕەنگی پەراوێزیان لێی دەسەندەوە. بێدەنگ ببوو کە هێمن گوتی:

"ئەڵبەت هەندێک یاسا پێویستە و هەندێکیشی بەڕاستی پیشاندەری دیکتاتۆرییە. دەزانم حەز بە چ شتانێک دەکەیت و بنەماڵە و کۆمەڵگا چلۆن دەستتیان بەستوویەتەوە. هەندێک شتیش هەیە، حەزمانە کە بیکەین، بەڵام خۆمان ڕێگرین لێی. ئێستا نازانم ویژدان بێت یان هەر شتێکی تر. بۆ نموونە کەسانێک هەن حەز بە دیتنی خوێن دەکەن، خوێنی خەڵک، یانێ حەز دەکەن بدەن لە مرۆڤ و خوێنی بڕێژن و کەیفی پێدەکەن. ئەڵبەت هەم بنەماڵە و هەم کۆمەڵگا ڕێگرن و ئەگەر ئەو کەسەیش ویژدانی هەبێت، بەدڵنیاییەوە ناگاتە ئەو حەزە، ئێستا گرینگ نییە بنەماڵە و کۆمەڵگا چی دەڵێن، ئەگەر ویژدانی کوژابێتەوە، ئەو کارە دەکات و زۆریشمان دیوە. ئەڵبەت هەن کەسانێک کە بە بەشداریکردن لە بەربەرەکانێی "یوو-ئێف-سی" و ئەم جۆرە شتانە بێ ئەوەی کۆمەڵگایش ڕەتی بکاتەوە، دەگاتە ئەو ئاواتەی..."

ئامانج قسەکەی پێ پچڕاند و گوتی:

"من هیچ حەزم لەوە نییە و بە دیتنی خوێنیش ڕەنگە بڕشێمەوە. ئەڵبەت حەز و خولیاکان جیاوازن. بەڵام ئەو مرۆڤانەی باسی لێ دەکەیت جۆرێک توندوتیژی لە دەروونیانە و دەبێ بە شێوازێک بیدەنە دەرەوە. یانێ هەن کەسانێک وا کونترۆڵیان لەسەر خۆیان باشە و هەن کەسانێکیش وا لاوازن و زوو هەڵدەچن. ئەڵبەت با پێت بڵێم ئەوانەی وا درەنگ هەڵدەچن

مەترسیدارترن، واتە زۆرێک وزە لەنێویاندا کۆ دەبێتەوە و بەیەکجاری هەڵیدەڕێژن.”

کاتژمێر سێ بوو. شەوێک بەر لەوەی ئامانج لەلای بێت، تا ڕۆژی کردبووەوە نەخەوتبوو؛ ڕۆژەکەیشی خەو قەرەی نەکەوتبوو. نانیشی بۆ نەدەخورا. تا ڕۆژ ببووەوە لەگەڵ هاوڕێ پێکەوە بوون. هاوڕێ باسی کوڕێکی بۆ کردبوو، کە خوێڕیترین مرۆڤی سەر زەوی بوو. لە هیچ خراپەیەک لای نەدابوو. لەوانەی کە هیچیان بۆ گرینگ نییە، نە بنەماڵە و نە کۆمەڵگا و نە ویژدان. ڕوو بە ئامانج گوتی کە وەها مرۆڤێک ناو دەنێت چی، ئایا مرۆڤە؛ ئامانج گوتی:

“ئەرێ مرۆڤە. بە جۆرێک ئێمە نامرۆڤمان نییە؛ یانێ ئاژەڵ مرۆڤ نییە، ئەگەرنا هەموومان مرۆڤین، چ باش بین و چ خراپ. ئەڵبەت هەندێک باشی وڵاتانی تر لە وڵاتی ئێمە باش نین. واتە پێوەرەکان بۆ باش و خراپبوون لە هەموو دونیادا پێکەوە جیاوازن و خۆیشت باشتر لە من ئەمانە دەزانیت و تەنیا دەتەوێت من ماندوو بکەیت هێمن!”

- بەدڵنیاییەوە وایە؛ ئەو شتانەی کە مرۆڤ دەیکات، لە هیچ ئاژەڵێک نابینرێت، واتە مرۆڤ مەترسیدارترین ئاژەڵە. ئەڵبەت پێم وایە هەڵەیش بێت بڵێین ئاژەڵ، مرۆڤبوون جۆرێک نەخۆشینە. لەم ڕۆژانەدا خوشکە چکۆلەکەم هات بۆ لام، لە ژوورەکەمدا کتێبم دەخوێندەوە، لە خۆوە هاتە قسە و گوتی: (خۆزگە مرۆڤ نەدەبووم!) زۆر لە لام سەیر بوو کە منداڵێکی حەوتساڵان بۆچی دەبێ بیر لە شتی وا بکاتەوە! لێم پرسی کە بۆ وا دەڵێت کە لە وەڵاممدا

گوتی کە حەزی دەکرد کەروێشکێک بوایەت یان بووکەشووشەیەک! ئەوەندەی تر مێشکمی تێک دا.

ئامانج بەو قسەیە زۆر سەری سووڕما و گوتی:

"زۆر سەیرە کە شتێکی وەهای گوتووە! یانێ بێزاری لە منداڵەکانیشدا خۆی پیشان داوە؟ یانێ منداڵانیش لە مرۆڤبوونی خۆیان ماندوون؟!"

- هەموو ئەمانە لە لایەک؛ ئەم ڕۆژانەیش تێدەپەڕێت، وەک ئەو ڕۆژانەی کە تێپەڕیون. ئێمە چی دەزانین لە ڕابردوودا چ گەندەڵکاریگەلێک ڕوویان داوە. هەندێک شتیش ڕووی داوە کە بڕوا ناکەم قەت ڕوو بداتەوە و هەندێک شتیش ڕوو دەدات کە مێژوو شتی بەوجۆرە بەخۆوە نابینێت. مرۆڤانێک هەن کە تەنیا بۆ شتێک دەخولقێن: تاوانێک، کە خۆی لە خۆیدا وێنەی نییە. هاوڕێ چەند ڕۆژە نەخۆشە، ئەڵبەت هیچی نییە و لەشی سلامەتە، بەڵام خۆ خۆت دەزانیت کە نەخۆشینی دەروونی پیاو تووشی شەلەل دەکات. دوێنێشەو تا ڕۆژ بووەوە پێکەوە قسەمان دەکرد. دەیگێڕایەوە: (کوڕێکی خوێڕی، چەقۆکێش و لاوازکوژ کە هەموو هەڵسوکەوتێکی دژەکۆمەڵگایی لێ دەبینرا، ببووە وایرۆسێک کە هیچ دژ و لەنێوبەرێکی نەبوو. ڕۆژێکیان شەشدانگ مەست دەکات - ئەڵبەت ڕەنگە ماددەی هۆشبەریشی بەکارهێنابێت - و بەرەو ماڵ دەڕواتەوە، کە زەنگی دەرگا دەدات، کەس وەڵام ناداتەوە و دەرگا دەداتە بەر لەقە و خوشکەکەی کە دەستی گیراوە، ناچارە بەپەلە دەرگاکە بکاتەوە. براکەی شێتانە دەڕواتە ماڵەوە و خوشکەکەی دەداتە بەر زللە و شەق و کاتێک دڵنیا دەبێت کە کەسیان لە ماڵەوە نییە، دەستدرێژیی جینسی دەکاتە سەر خوشکەکەی! تۆ بیر لەو کردەوەیە بکەوە!)

لەم کۆتاییانەی گوتەکانیدا تەزێک دایگرت و فرمێسکێک لە چاوی داکەوت، ئامانجیش لەتەنیشتی سپی هەڵگەڕا کە بە دەنگێکی لەرزۆکەوە درێژەی دایەوە:

"خوشکەکەی بەردەوام دەقیژێنێت و هاوار دەکات، بەڵام کەس بە فریای ناکەوێت، چونکە ناوێرن قەرەی ئەو چەقۆکێشە بکەون. لەژێر گوشاریدا بێهۆش دەکەوێت و لە هاوار دەکەوێت. دوای چەند خولەک بە هاواری برا چکۆلەکەی کە تەنیا یازدە ساڵ تەمەنیەتی و گەڕاوەتەوە، هەڵدەستێتەوە. دەیەوێت ڕا بکات کە دەیگرێت و بە دڕندانەترین شێواز دەستریژیش دەکاتە سەر ئەو و خەڵتانی خوێنی دەکات! دوایی برا چکۆلەکەی لەگەڵ خۆی دەباتە دەرەوە. خوشکەکەیشی لە ناوەڕاستی ماڵدا بێهێز دەکەوێت. چەند ژن و منداڵیش لەنێو کۆڵاندا و بەدزییەوە لە پەنجەرەوە دەیبینن کە برا چکۆلەکەی کە نەختێک چاوی کراوەیە و هێزی لێ نەماوە، لەبەر دەمیدا سواری ماتۆڕەکەی دەکات. چەند ڕۆژێک بە دوایاندا دەگەڕێن. کچەکەیش ناوێرێت بیگێڕێتەوە کە دەستدرێژی کراوەتە سەری و ئەویش لە لایەن براکەیەوە و تەنیا دەڵێت کە لێی داوە، وەک هەمیشە. بنەماڵەیشی وەیلان بە دوایاندا، بەڵام نایاندۆزنەوە. دوای ماوەیەک کوڕە خوێڕیەکەیان دێتەوە و هەر دەڕواتە ماڵەوە لە لایەن پۆلیسەوە دەیگرن."

دەمی وشک ببوو و یاو و لەرز هێرشی کردبووە سەری، بۆیە هەستایەوە و نەختێک ئاوی خواردەوە، ئامانجیش لە جێگەی خۆیدا وشک ببوو و هەستی دەکرد کە هەموو لەشی وەک هێمن داگیراوە و ئەو برا و خوشکەی لە حاڵی

دەستدرێژیدا وێنا دەکرد و مووچڕکەیەک هەموو تووکی لەشی ڕاستکردەوە و لەژێر لێوەوە بە خۆی دەگوت:

"قیژەی کچێک دەبیستم کە لە لایەن براکەیەوە دەستدرێژیی پێ دەکرێت! لەوە ناحەزتر چی تر دەتوانێت ببێت ئەی هاوار؟!"

هێمن دانیشتەوە و درێژەی دایەوە:

"یەکەم پرسیار کە لێیان کردبوو، ئەوە بوو کە کوڕە چکۆلەکە لە کوێیە و چیت لێ کردووە؛ بەڵام وەڵامی نەدابووەوە. چەند ڕۆژێک لەژێر ئەشکەنجەدا بوو و ئەمجار هاتبووە قسە کە لەنێو دارستاندا بەستوویەتیە دارێکەوە و جێی هێشتووە. کە پۆلیس هێز دەباتە ئەو شوێنە، هەر لە دوورەوە هەستیان بە بۆگەنییەکی توند کردبوو. دەستی منداڵەکەی لە پشتەوە و بە دەور درەختێکەوە بەستبووەوە. ملی شل ببوو و هەڵماسیبوو و دەعبای عالەم تێیدابوو. جلەکانی شڕشڕ ببوون و هەموو شوێنێکی ببووە خوێنی وشکەوەبوو. قامکەکانی لە پشتەوە هەڵکنرابوو و لەبەریشەوە هەموو جەستەی هەڵکۆڵرابوو و ڕوون بوو کاری ئاژەڵە دڕندەکان بووە. ئێسقانی پێیشی کەوتبووە دەرەوە. بەشێک لە ڕیخۆڵەیشی هەڵڕژابووە دەرەوە. تەرمەکەیان خستبووە کیسەی تایبەتەوە و هێنابوویانەوە. کە ئەم وێنانە و قسانە گەیشتبووە خوشکەکەی، یەک خولەک ناوەستێت و لە حەوشەکەی خۆیاندا نەوت بە خۆیدا دەڕژێنێت و ئاگر بەردەداتە جەستەی و دەڵێن تا فریای دەکەون، هیچی نامێنێتەوە و هەر لەوێ دەبێتە قەقنەس."

ئامانج حەبەساو سەیری دەکرد و ناڵەی کوڕەمناڵێک دەگەیشتە مۆخی ئێسقانی کە براکەی شاوەتی شەیتانیی خۆی تێ دەڕشت. هێمن درێژەی دایەوە:

"دایکی کچە کە لە نەخۆشخانە لەژێر چاوەدێریی پزیشکیدا دەبێت، بە بیستنی هەواڵی کچەکەیشی یکسەر دڵی لە لێدان دەکەوێت و دەمرێت. لە چارەنووسی کوڕەیش کەس ئاگادار نییە و ڕوون نییە مەحاکەمەی چۆنە و چۆن دەبێت و لە دار دەدرێت یان نە. بەڵام باوکی پیریشی شێت بووە، شێتێکی بەتەواو مانا؛ بۆ کەس ڕاگیر ناکرێت و دەڵێن ئەویشیان ڕاگوێزاوەتە شێتخانەیەک لەو شارانە."

ئارەق هەموو لەشیانی خوساندبوو؛ ئامانج سەیری دار و دیواری دەکرد؛ سەیری کاتژمێریش کە لە سێونیو تێپەڕیبوو. دەستی بۆ قوڕگی برد و دەمی کردەوە، بەڵام دەنگی دەرنەدەهات. بەئەستەمی هەستایەوە و ڕۆیشتە بەر پەنجەرە و گەڕایەوە و دەستی دەهێنایە دیوارەکەی پشتیانەوە و گوتی:

"هێمن! تۆ دەستی لێبدە! سەیر بکە ئەویش ئارەقی دەرداوە!"

**

## - ئەمبار -

ئارامیی لێ بڕابوو؛ جاربەجار هەموو لەشی دەهاتە لەرزە و ئارەقی دەردەدا. لە شوێنێکدا ئارامی نەدەگرت و بەردەوام دەخولایەوە؛ دڵیشی بەتوندی لێی دەدا و پەرێشان ببوو. لەگەڵ خۆی دەیگوت:

"ئەی هاوار ئەمە ئیتر چ هەستێکی ناحەزە؟! بۆچی من وەهام؟! بۆچی دەبێ حەزم لە کردەوەیەکی وەها قیزەون بێت؟! دڵنیام لەبەر ئەم کارانەم، جێگام جەهەندەمە! چی بکەم ئەی هاوار؟! بۆچی وا هەست دەکەم کەسێکی تر لە مندا دەژیەت؟!"

سەیرێکی لەشی هاوڕێکەی کرد کە لەبەر دەمیدا بە پشتدا کەوتبوو. هەناسەی نەدەکێشا، نەبزیشی لێی نەدەدا؛ مردبوو! عەلی دەستی بە کەمەریەوە بوو و سەیری تەرمەکەی دەکرد، ئاو و ئارەقی ببووە یەکێک و ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو. گوتی:

"ئەرێ بڵێ چی ڕووی دا باوکەڕۆ! چۆن ئاوا سەکتە لێی دایت و ڕمایت؟! ئێستا من چی بکەم؟! قووڕی کوێ لەسەرم بگرم؟!"

لە تەنیشتی تەرمی هاوڕێکەی دانیشت و دەستی هەڵپێکا و سەیری دەکرد. بەتوندی هەناسەی دەکێشا و وەک ئەوە وابوو چەند کیلۆمەترێک ڕای کردبێت. لەگەڵ خۆی دەیگوت:

"ئێستا زەنگ بۆ پۆلیس دەدەم و هەموو شتێکیان بۆ دەگێڕمەوە؛ خۆ هەڵەی من نەبوو؛ خۆی دڵی لەکار کەوت؛ پشکنینی پزیشکیش بەدڵنیاییەوە دەری دەخات. خۆ پێکەوە قسەمان دەکرد! چۆن ئاوای لێهات؟!"

مۆبایلەکەی دەرهێنا و ویستی زەنگ بۆ پۆلیس بدات؛ ژمارەکەی لێدا، بەڵام پەشیمان بووەوە! کاتژمێر لە دووی شەو لای دابوو. لە کونجێکی ئەمبارەکە، لەلای تەرمەکەدا دانیشتبوو و چاوی بڕیبووە زەوی. ئەو شەوە لەگەڵ هاوڕێکەی، پاسەوانی ئەو ئەمبارەی بوون کە تازە باریان بۆ هاتبوو؛ پێکەوە قسەیان کردبوو کە لە ناکاو هاوڕێکەی دەستی برد بۆ لای دڵی و ڕمابوو! عەلیش هەرچی هەناسەی پێدابوو، هاوڕێکەی نەهاتبووەوە. ئەو ڕۆژە هەر دەستی بە زگیەوە ببوو و گوتبووی کە مەعیدەی ئێشێت! پێشتریش ناڕاحەتیی دڵی ببوو، بەڵام قەت جیددی نەیدەگرت. بۆ چارەکێک دەچوو کە مردبوو، بەڵام عەلی زەنگی بۆ پۆلیس نەدابوو! چووبووە خەیاڵەوە:

"کەس نازانێت دڵنیام!"

سەری بەرز کردەوە و نەختێک چاوەچاوی کرد و سەیری دیوار و تاقەکەی کرد و گوتی:

"ئەم بەشەی ئەمبارەکەیش کە کامێرای نهێنیی نییە! دڵنیام کە کەس نازانێت. نابێ زۆر بخایەنم؛ زوو ئەنجامی دەدەم و زەنگ دەدەم بۆ پۆلیس."

ئەمبارێکی گەورە بوو و لە دەرەوەیش دوو سەگی پاسەوانیان لەلای دەرگاکەدا بەستبووەوە و بەردەوام دەوەڕین! عەلی و هاوڕێکەی نەیاندەزانی ئەمباری چییە! ماوەیەکیش لەوێ کاریان دەکرد و شەوانە پاسەوان بوون.

ساحێب ئەمبارەکەیش پێیانی سپاردبوو کە قوتەقوتی زیادە نەکەن و گەر کێشەیەکیشیان بۆ پێش هات، زەنگ بۆ ئەو بدەن، نەک پۆلیس! مووچڕکەیەک هەموو لەشی هەژاند و ئاوڕێکی بە نێو ئەمبارەکەدا دایەوە و گوتی:

"ئێرە کەسی لێ نییە؛ دەی خێرا بکە و بڕیاری خۆت بدە؛ دەی خێرا بکە."

دەستی بەرەو تەرمەکە ڕاکێشا؛ ئارەقی لێ دەچۆڕا؛ هەستی دەکرد شتێک وەک دەعبایەک، لە دەروونیدا پەلەقاجێیەتی و هەر سات ئەگەری هەیە بێتە دەرەوە! لێدانی دڵیشی بەرزتر بووەوە. نەیوێرا و دەستی لە ئامێز گرت و بەتوندی گووشای. هەستی کرد کەسێکی تر لەنێو ئەمبارەکەدایە! هەستایەوە و "باتۆم"ەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت تا سەیرێکی دەوروبەر بکات. هەموو گڵۆپەکانی نێو ئەمبارەکە دەگڕان. بوونێک ئازاری دەدا، بەڵام هیچ بوونێک بوونی نەبوو! لەگەڵ خۆی گوتی:

"ئەم ئەمبارە تەنیا یەک دەرگای گەورەی هەیە و لە پشتەوە دامخستووە و ناشۆیە کەسێک بتوانێت بێتە ناوەوە! سەگەکانیش کە لەبەر دەرگان و پەلاماریان دەدەن. تا خۆم دەرگاکە نەکەمەوە، خاوەن ئەمبارەکەیش ناتوانێت بێتە ژوورەوە. ئەمە ئەو هەلەی بوو کە دەمویست!"

بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت و لە قوڵفبوونی دڵنیا بووەوە. بەرەو تەرمەکە ڕۆیشتەوە و هەر هەنگاوێک کە نزیکی دەبووەوە، زۆرتر دڵەڕاوکێ دەیگرت و زۆرتر هەستی بە جمەی دەعباکەی ناخیەوە دەکرد! کە نزیکی تەرمەکە بووەوە، چاوی پەڕییە تەوقی سەری! تەرمەکە پێچەوانە ببووەوە و بە دەمدا

ڕمابوو! ماقی ببوو و دەمی داچەقابوو؛ ئارقی دەردایەوە؛ چاوی قونجاند و بە قۆلی، ئارەقی دەموچاوی خاوێن کردەوە. کە چاوی کردەوە، دیتی تەرمەکە بە پشتدا کەوتووەتەوە! خەریک بوو دڵ ئەمیش دەتەقی و وەک هاوڕێکەی سەکتەی دەکرد! بە خۆی گوت:

"بە دڵنیاییەوە ساویر گرتوومی!"

قامکی خستە سەر نەبزی تەرمەکە، لێی نەدەدا. هەناسەیشی کە بڕابوو. بەرەو ژووری پاسەوانییەکە ڕای کرد! ژوورەکە لەلای دەرگاکەوە بوو. دەست و دەموچاوی شۆرد و لە ئاوێنەکەوە سەیرێکی خۆی کرد؛ چاوێکی ڕەش و برۆیەکی پەیوەستە. تەمەنی بیستوپێنج ساڵ بوو و زانکۆی لە نیوەوە وێڵ کردبوو و تازە سەربازیی تەواو کردبوو. تۆزێک مووی سەری هاتبووەوە و باڵایەکی بەرزی پێوە بوو و ئەوەندە لەڕ بوو، خەریک بوو لە ناوەڕاستەوە دەشکایەوە. ڕوو بە ئاوێنەکە گوتی:

"تۆ ئەمەیت کە ئێستا هەیت و دەبێ ئەمە قەبووڵ بکەیت! تۆ ناتوانیت کەسێک بیت کە دوورە لەو شتەی کە دەروونت دەیەوێت. تۆ ئەشێ ئەو کارە بکەیت، وەک چۆن پێشتر کردووتە. ئەگەرنا خیانەتت بە خۆت و هەستەکانت کردووە. وەک چۆن پێشتر پێتیان نەزانیوە، ئەم جارەیش وەک ڕێوی دەردەچیت! تۆ نابێ خیانەت بە خۆت بکەیت. ئەم هەستە بەشێکە لە تۆ و بەدڵنیاییەوە هەر تۆ لەم جیهانەدا وا نیت؛ کەسانێک هەر هەن؛ دڵنیام کەسانێک هەر هەن. دروستە کەس لێت تێناگات، بەڵام تۆ خۆت لە خۆت تێدەگەیت! گرینگ خۆتی نە خەڵکی تر."

بەردەوام سەیری خۆی دەکرد و لەگەڵ خۆی قسەی دەکرد. زمانی دەرهێنا و لێوی تەڕ کرد و چاوی قونجاند و هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی؛ چاوی کردەوە و ژوورەکەی بەجێ هێڵا و بەرەو تەرمەکە ڕۆیشت. هەنگاوی گەورە گەورەی هەڵدەگرت. هەر دووکیان جلی تایبەتی پاسەوانانیان لەبەردا بوو. سەیرێکی ڕوخساری هاوڕێکەی کرد: کوڕێکی گەنجی سەوزە؛ ڕیش و سمێڵی تاشیبوو؛ لە عەلی نزمتر بوو، بەڵام قەڵەوتر بوو و قژێکی جوانی پێوە بوو. چاوی ماسیبوو و لێوی بۆر ببووەوە. عەلی دووبارە لە جێگەی خۆیدا وشک بووەوە. دانیشت و سەری هاوڕێکەی خستە سەر ڕانی خۆی و گوتی:

"پێم خۆشە بەسەرهاتێکی خۆمت بۆ بگێڕمەوە. بەشکم بیبیسیت. تا ئێستا بۆ کەسم نەگێڕاوەتەوە! کەسی باشتر لە تۆم دەست ناکەوێت تا بۆی بگێڕمەوە."

سەیری ڕوخساری هاوڕێکەی کرد و درێژەی دایەوە:

"نازانم بۆ وا هەست دەکەم دەبێ ئەم بەسەرهاتە بگێڕمەوە؟! بەڵام پێویستە بیگێڕمەوە و تۆ تەنیا کەسێکیت ئەوەندە متمانەم پێی هەیە و دڵنیام لێم تێدەگەیت. لێیشم تێنەگەیت، کێشە نییە."

چاوی بڕیبووە هاوڕێکەی و هەستی نەدەکرد مردووە! دەروونی هەڵشێوابوو و هەڵسوکەوتی لە ناهوشیارەیەوە هەڵدەقووڵا! گوتی:

"کاتێک سەرباز بووم، خۆت کە دەزانیت، لە پاسگایەکی نێو جادەدا پاسەوانیم دەدا. لە نزیکترین شار پەنجا کیلۆمەتر زیاتر دوور بووین. جادەکەیش لە تەنیشتمانەوە بوو و وەک جادەکانی تر قەڕەباڵغ نەبوو.

شەوێکیان کاتژمێر یازدەی شەو بوو کە من پاسەوانیم دەدا؛ لە دوورەوە کەسێکم دی کە بە شەلەشەل بەرەو پاسگاکە دەهات! وەک "زامبی" دەینالاند و بەرەو ئێمە دەهات. زۆر ترسام و کلاشینکۆفەکەم بەرەو ڕووی گرت و قیڕاندم: (بووەستە! لە جێی خۆتدا بووەستە!) هەر گوێی پێ نەدام و بەرەو لامان بەو شێوازە ترسناکە هەڕای دەکرد! لە کەنارەی جادەکەوە بەرەو ئێمە دەهات. چەند جاری دیکە پێم گوت کە بووەستێت، بەڵام هەر دەهات. فیشەکێکی ئاسمانیم تەقاند؛ کابرا کە بیست مەترێک لە پاسگاوە دوور بوو، وەستا و بە گریانەوە قیڕاندی: (توخوا فریامان بکەون! ژن و منداڵەکەم مردن! ئەی هاااواااااار...) چەپۆکێکی دا بەسەر خۆیدا و لە قەراخی جادەکەدا دانیشت.″

عەلی تفێکی قورت دا و درێژەی دایەوە:

″فەرماندەی پاسگاکە و چەند سەربازی دیکە بە تەقەکە خەبەریان بووەوە و بە چەکەوە هاتبوونە دەرەوە و خەریک بوو زیڕەیان دەکرد! فەرماندەکە بەترس و بەتووڕەییەوە پێی گوتم: (چی بووە ئەوە؟! بۆ تەقەت کرد؟!) گوتم: (کابرایەک بەرەو ئێرە هات و پێم گوت کە بووەستێت، بەڵام نەوەستا و ناچار بووم ئاسمانی تەقە بکەم.) فەرماندە گوتی: (کوا؟! لە کوێیە؟! چەکدارە؟!) گوتم: (نە چەکدار نییە! ئەوە لە دەرەوەیە و لەسەر جادەکەدا دانیشتووە و دەگریەت و دەڵێت فریام بکەون، ژن و منداڵەکەم مردن!) فەرماندەکە بە حەبەساوی سەربازێکی نارده دەرەوە و پێی گوت: (بڕۆ ئەو کابرا بهێنەماڵەوە، ئاگاداری دەوروبەر بیت، ئێمەیش ئاگامان لێت هەیە. هیچ مەترسە.)

سەربازەکە بە ترس و لەرزەوە ڕۆیشتە دەرەوە و ئێمەیش ئامادەباش وەستابووین و چەکەکانمان ئامادەی تەقان بوو. سەربازەکە چووە ژێر باڵی پیاوەکە و بەسەختی هێنایە ماڵەوە. هەموو جەستەی خوێن بوو و جلەکانی شیتاڵ‌شیتاڵ ببوونەوە. لووت و تەوێڵیشی شکابوو. فەرماندە لێی پرسی: (چی بووە بزانم؟!) کابرا لە حاڵی مەرگدا بوو کە زۆر بەسەختی گوتی: (توخوا فریای ژن و منداڵەکەم بکەون! دوو سێ کیلۆمەترێک لە خوارترەوە ئۆتۆمبیلەکەمان وەرگەڕا... توخوا فریایان بکەون.) کابرا ئەوەی گوت و بێهۆش کەوت.″

عەلی چەند چرکەیەک بێدەنگ بوو و گوتیەوە:

″لە پاسگا دوو ئۆتۆمبیلمان بوو، کە یەکێکیان خراپ ببوو و بڕیار بوو ڕۆژی دوایی بێن و چاکی بکەنەوە، بۆیە فەرماندە و من و سەربازێکی دیکە و کابرا بریندارەکە، سواری ئۆتۆمبیلەکە بووین و بەرەو ئۆتۆمبیلە وەرگەڕاوەکەی کابراکە ڕۆیشتین. کابرایش بەحاڵ چاوی دەکرایەوە، بەڵام لە بێتاقەتیی ژن و منداڵەکەیدا هەوڵی دەدا لەوە زیاتر پەکی نەکەوێت. دوو کیلۆمەترێک لە پاسگاکە دوور کەوتینەوە کە لە کەنارەی جادەکەدا ئۆتۆمبیلەکەمان دی کە هیچی نەمابووەوە و وەک قومقومە نرابووە یەک و چرا ئیستۆپێکی کاری دەکرد. خێرا دابەزین و بەرەو کەسەکانی نێوی چووین. دوو کوڕی منداڵی تەمەن شەش و هەشت ساڵانی تێدا بوو، لەگەڵ ژنێکی قەڵەو. پیاوەکە نەیتوانی لەنێو ئۆتۆمبیلەکەمان دابەزێت و بە دەنگی پچڕاوەوە گوتی: (توخوا پێم بڵێن کە زیندوون!) فەرماندە نەبزیانی گرت و منیش چراقووەم بۆی

گرتبوو، گوتی: (منداڵەکان زیندوون، بەڵام ژنەکە مردووە!) هەموو گیانیان بووەوە خوێن و بێهۆش ببوون. کابرایش لەوێ یەکسەر لەسەرخۆی چوو. فەرماندە گوتی: (لێرە هێڵی مۆبایل کار ناکات و ناچارین خۆمان بیانبەین بۆ شار. ژنەکە تازە تەواوی کردووە، تەنیا جێی دوو منداڵەکەیشمان هەیە!) ترسێک دایگرتم کە درێژەی دایەوە: (دەبێ گیانی دوو منداڵەکە و بابیان نەجات بدەین.) ڕووی کردە من و گوتی: (تۆ دەبێ لێرە بمێنیتەوە و ئاگاداری ئۆتۆمبیلەکە و تەرمی ژنەکە بیت، تا سێ چوار کاتژمێری تر لەگەڵ ئامبولانسێک دەگەڕێینەوە و تەرمەکە دەبەن.) زمانم هەڵنەدەچەرخا و خەریک بوو زیرەم دەکرد، بەڵام هیچ چارەیەکم نەبوو جگە لەوەی بڵێم: (ئیتاعەت قوربان...).″

سەری هاوڕێکەی هەر لە باوەشدا بوو کە درێژەی دایەوە:

″دوو کوڕە منداڵەکەیشیان خستە نێو ئۆتۆمبیلەکە و ئەوان ڕوو بە شار ڕۆیشتن و منیش لەنێو ئەو جادە چۆڵەدا و لەلای ئۆتۆمبیلێکی تێکشکاو و تەرمێکی ترسناکدا مامەوە! ژنەکە و کوڕێکی لە سەندەڵیی پشتەوە بوون و زۆر شپرز نەبیوون! ئەو کوڕەی کە لای دەستی باوکیەوە بوو، زۆر وێران ببوو. شووشەکانی پێشەوەی شکابوون و هیچی پێوە نەمابوو، بەڵام شووشەکانی پشتەوە جگە لە هی لایەکی کە شکابوو و سەری ژنەکە کەوتبووە ئەو دیوەوەی، تەنیا درزیان بردبوو. ئۆتۆمبیلەکە کەوتبووە تل و لەسەر تایەکانی وەستابووەوە. لە دەرەوە وەستابووم و خەریک بوو زیرەم دەکرد. زووزوو چراقووەم دەخست لە دەوروبەر، دەترسام چەتە یان ئاژەڵێکی دڕندە هێرشم

بۆ بەرێت. کڵاشینکۆفەکەیشم ئامادە کردبوو. تازە گەلاوێژ کەوتبوو و هەوا زۆر فێنک بوو. ئاسمانیش ساف، هەموو ئەستێرەیەک دەبینرا. ئاسمان بەو گەورەییە پڕ بوو لە بێدەنگی و ئارامی، بەڵام دڵی من، پڕ بوو لە بژاڵ و ترس. هەر کە خشەیەک دەهات، خەریک بوو زەندەقم بچێت. سەیری کاتژمێرم کرد، تازە پێنج دەقە تێپەڕی بوو! کات ڕاوەستابوو. چراقووەکەم گرت لە تەرمی ژنەکە، یەکسەر خوێن بوو. بەرەو ئەو لای ئۆتۆمبیلەکە ڕۆیشتم. سەری ژنەکە کەوتبووە دەرەوە و شووشەیەک چووبووە نێو ملیەوە و شادەماری قرتاندبوو و دەرگای ئۆتۆمبیلەکە بە خوێنی ئەوەوە ڕەنگ کرابوو. دڵم وەک دڵی چۆلەکە، بەتوندی لێی دەدا. بێ ئەوەی ئاگام لە خۆم بێت، چەکەکەم کردە شانم و سەری ژنەکەم گرت و شووشەکەم لە ملیدا دەرهێنا و سەریم خستەوە نێو ئۆتۆمبیلەکە و پاڵم دا بە سەندەڵیەکەوە. لە ناکاو خشەیەکم بیست! زۆر لێم نزیک بوو؛ خۆم بۆ نەگیرا و خێرا لەو دەرگاکەی ترەوە سوار بووم و دەرگا شکاوەکەم بەسەختی بەست. لە تەنیشت تەرمەکەوە دانیشتبووم! دڵم بەتوندی لێی دەدا و هەستێکی نامۆیش وەک خۆرە کەوتبووە گیانم! سەرەتا نەمدەوێرا سەیری تەرمەکە بکەم؛ دواتر جارجار سەیریم دەکرد و خێرا سەرم وەردەچەرخاند. لێی دەترسام!"

دەمی وشک ببوو و دەنگی گۆڕابوو کە درێژەی دایەوە:

"چەند خولەک تێپەڕی و ئارامییەک باڵی بە سەرمدا گرت! سەیری ڕوخساری خوێناویی تەرمەکەم کرد؛ پەڕۆیەک لەنێو ئۆتۆمبیلەکەدا بوو، وابزانم هی خاوێنکردنی ئۆتۆمبیلەکە بوو، هەڵمگرت و هێنام بە دەموچاوی

ژنە مردووەکەدا و ویستم خوێنەکەی خاوێن بکەمەوە! خوێنەکەی پێوە لا نەدەچوو. چوومە دەرەوە و لە سندووقی پشتەوەی ئۆتۆمبیلەکەدا، جێ ساردییەک ئاوی تێدا بوو، هێنام و چوومەوە تەنیشت تەرمەکە و دانیشتم و دەرگاکەم بەستەوە. بە ئاوەکە خوێنی دەموچاویم لابرد و هەر بەو پەڕۆیە، ملی کە شکابوو و سەری دەکەوتە ئەو لایەوە، تن‌تن بەست کە ئیتر خوێنی لێ نەچێت. ڕوخساری کەوتبووە دەرەوە و جگە لەوەی کە لێی نەدەترسام، حەزیشم لێی دەکرد! چرای نێو ئۆتۆمبیلەکە لە کار نەکەوتبوو و ڕۆشن بوو. تەنانەت یەک ئۆتۆمبیلیش لەوێوە تێنەدەپەڕی! ترسی بوونی چەتە لەنێو جادەدا، هۆکەی بوو. بێ ئەوەی کونترۆڵێکم بەسەر خۆمدا ببێت، دەمم خستە دەمی تەرمی ژنەکە! گوێت لێمە هاوڕێم؟! بێ ئەوەی تەریق ببمەوە، بێ ئەوەی هەستێکی ناخۆشم ببێت، بێ ئەوەی ویژدانم ئازارم بدات، سەری ژنەم گرت و دەمم خستە دەمی و لێویم هەڵدەمژی! لێوم ببووە خوێن، بەڵام هەستم دەکرد هەموو دونیا هی منە! ماچی هیچ کچێکی زیندوو ئاوا هەستی خۆشی پێ نەدابووم! مەمکیم گوشی و ماچم کرد و هەر لەنێو ئەو ئۆتۆمبیلە تێکشکاوەدا و لەنێو ئەو شووشە شکاوە و خوێن ڕژاوانەدا، ئەو تەرمەم گا! دەزانم ئێستا وا بیر دەکەیتەوە کە من شێتێکی ڕەوانیم! خۆیشم نازانم بۆ هەستم بە خۆشترین هەستی دونیا دەکرد! بەر لەوە دەستم لەو تەرمە بکەوێت، کاتم لێ نەدەچوو، بەڵام کە دەستم لێی کەوت، نەمزانی چۆن بوو کە سێ کاتژمێر تێپەڕی! حەزم دەکرد تا یەک ساڵی تر ئەو ئۆتۆمبیلە لەوێ بێت و ئەو تەرمە لەنێویدا بێت و یەک کەسیش لەلام نەبێت! بەڵام فەرماندە

هات و ئامبوڵانسێکیش هات. نزیک سێی شەو بوو، کە تەرمەکەیان خستە نێو ئامبوڵانسەکە و بردیان. فەرماندە لێی پرسیم: (ڕوخساری ئەو ژنە خۆ هەر خوێن بوو! چۆن وای لێهات؟!) بە سترێسەوە وەڵامم دایەوە: (لە دەرەوە بووم کە دەنگی سەگ و گورگ دەهات، زۆر ترسابووم و ناچار بووم لە تەنیشت تەرمەکەوە دابنیشم. لە بەرەوە نەمدەتوانی، پڕ بوو لە وردە شووشە. ئیتر لە تەرمەکەیش زۆر دەترسام و دەموچاویم شۆرد. وەها ترسم کەم ببووەوە!) فەرماندەکە بە سەرسووڕمانەوە سەیری دەکردم، دەیزانی ڕەنگی ڕوخسارم گۆڕاوە و دەنگیشم دەلەرزێت و شتێکی لێ دەشارمەوە، بەڵام جگە لەوەی گوتی: (من گەمژە نیم!) هیچی تری نەگوت و پێکەوە گەڕاینەوە پاسگا. ئەو شەوە تا ڕۆژ بووەوە خەوم لێ نەکەوت و بەردەوام لە بیری ئەو تەرمەدا بووم!"

عەلی سەری هاوڕێکەی خستەوە سەر زەوی و هەستایەوە و کەوتەوە جووڵەکردن. ڕوو بە تەرمی هاوڕێکەی وەستا و گوتی:

"ئێستا تۆ گرینگترین نهێنیی ژیانی من دەزانیت. ئەرێ من ئاوەها مرۆڤێکم! من ئەوەندە پیس و نامرۆڤم کە لەگەڵ لەشی ژنێکی مردوودا سێکسم کردووە و لەوپەڕی بێشەرمیشەوە دەڵێم کە خۆشترین هەستم لەو کارە هەبووە! مردنم باشە، ئەری؟!"

کەوتەوە جموجوڵ کردن و بە خۆی دەگوت:

"بەڵام هاوڕێم، بڕوات هەبێت هیچ حەز ناکەم ئاوەها کەسێکم! ساڵێک لەو شەوە تێدەپەڕێت و شەو نییە بیر لەو ڕووداوە نەکەمەوە! لەگەڵ کەسی

تردا بووم، بەڵام هیچ کەس نەیتوانیوە نیوەی نیوەی ئەو تەرمە، هەستی خۆشم پێ ببەخشێت! ئەی خوا لەحنەتم بکات...″

لە تەنیشتی تەرمەکە دانیشتەوە و دەستی هەڵپێکا و گوتی:

″ئەوەندە گوشارم بۆ هاتووە کە چەند جارێکیش پیلانم داڕێژاوە کە کچە هاوڕێکەم بکوژم و لەشە مردووەکەی لە ئامێز بگرم! ئیتر بزانە ئەو هەستە نامۆیە چی بێت لە ناخمدا کە ئاوەها کاری تێکردووم و دەیەوێت بمکات بە بکوژێکی دڕندە! بەڵام لە خوا بەزیاد بێت کە تا ئێستا ئەم هەلەم بۆ ڕێ نەکەوتووە. ئەگەریش بۆم ڕێ بکەوێت، لە خۆم دڵنیا نیم کە بتوانم خۆم کونترۆڵ بکەم! نا، نا! بەدڵنیاییەوە ئەو کارە دەکەم.″

ئاو پەڕییە چاوی و گوتی:

″کام ئاژەڵ دەتوانێت وابێت؟! بەدڵنیاییەوە شتی وا لە سروشتی هیچ ئاژەڵێکدا نییە، لەنێو سروشتی مرۆڤدا نەبێت! بەڵام تۆ پێم بڵێ هاوڕێم، چۆن کونترۆڵی بکەم؟ ڕۆژبەڕۆژ زۆرتر دەمبزوێنێت و داوای شتی وام لێ دەکات! یەک ساڵ تێدەپەڕێت و تەنانەت هەر کاتیش کە شەیتانی دەبم، لەو کاتەوە بە تەرمی مردووەکانەوە شەیتانی دەبم! خوا خوامە شەوێک تا بەیانی تەرمی مردوویەک لە مردووشۆرخانەیەک بەرەڵا بکەن و بچم لە ئامێزی بگرم! ئەرێ هاوڕێم؛ ئەمە منم! بڕوات دەکرد هاوڕێیەکی وەهات بێت؟! نا، قەت بڕوات نەدەکرد! هەرگیز باوەڕت نەدەکرد مرۆڤێکیش لەسەر ئەم عەرزەدا بێت کە وەها حەزێکی بێت. لە خوامە خزمێکی نزیکم بمرێت و لێیان بپاڕێمەوە کە من لەشی بشۆم! بە فشە بەسەر تەرمەکەیدا بگریەم و لە ئامێزی بگرم و

ماچی بکەم! حەزم دەکرد من لە جێگەی ئەو مردووشۆرە ئیتالیاییە دەبووم کە دەڵێن لەگەڵ تەرمی مردووی زۆرتر لە سەد ژندا سێکسی کردووە!"

ماچێکی هاوڕێکەی کرد و گوتی:

"ئێستا دڵنیام لێم تێدەگەیت؛ دڵنیام دەزانیت کە ئەمانە هیچیان هەڵەی خۆم نییە و تەنیا هەستێکە لە دەروونمدا و هیچ شتێک ناتوانێت ڕاگیری بکات."

عەلی تەرمی هاوڕێکەی بە دەمدا خست و دەستدرێژیی کردە سەر. هەستی دەکرد هەموو خۆشییەکی دونیا هی ئەوە! کە کاری تەواو بوو، تەرمەکەی هەڵگەڕاندەوە و ماچێکی تەوێڵی کرد و لە ئەمبارەکە چووە دەرەوە و بۆ هەمیشە عەلی لە چاوان ونبوو! بەڵام جارجار هەواڵ و دەنگۆی ئەوە بڵاو دەبێتەوە کە گۆڕی تازەمردوویەک لە فڵان شار و فڵان گونددا هەڵدراوەتەوە!

***